# کورتەباس و ئاوڕێک لە کولتوور و مێژووی ئازەربایجان

## نووسین: جەلیل ئازادیخواز

ئازەربایجان، ئاترۆپاتن، یا مادی بچووک

## وتەیەکی پێویست

ئەم کورتە ڕامانە ئاوڕدانەوەیەکی پێویستی مێژوویی و کولتوورییە لە وڵاتی ئازەربایجان و ئاران کە هەنووکە پێی دەڵێن ئازەربایجانی باکوور یا کۆماری ئازەربایجان. ڕاوەستانێکی جەماوەرناسانە و ڕەچەڵەکخوازانەی کولتوورییە لە شارستانییەتێک کە بە دەیان ڕێگە و میکانیزم هەوڵ دراوە بکرێتە فارسی و تورکی و لە ڕیشەی مێژوویی و شارستانی و کولتووریی خۆی دای بماڵن. مەخابن، کایە سیاسییە داماڵراو لە مۆراڵەکان هەنووکە هەموو بەش و ڕەهەندەکانی تری ژیانیان کردووەتە کایەی خۆیان و بە پێوەری زۆر و لە ڕۆچنەی چاوی نەتەوەخوازییەکی تەنگ و دەمارگرژەوە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی دڵخوازانەی بێپشتیوانی زانستی و مێژوویی و کولتووری و زانستیی ئەم بەشە لە شارستانییەتی مادیی کوردیی دەدەن و خوازیاری پاککردنەوەی سیما و شەقڵی کوردانە و هەموو نیشانەکانی کوردستانیبوونی ئەم دەڤەرەن. درۆ و دەهۆ و ساختەکارییان تا قووڵاییەکانی مێژووی پێش زایین و بابەتە بەڵگەنەویست و بێدەمەتەقەکانیش شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو مێژوونووس و مێژووزانانی پەرگیر. بنەماخوازیی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان بێپسانەوە هەوڵی داگیرکردنی مێژوویی و کولتووری و سڕینەوەی هەموو نیشانە و سیماکانی کوردبوونی ئەم دەڤەرەیان داوە و دەیدەن. دەڤەری ئازەربایجان سەرەڕای هەڵکەوتەی گرنگی ژیۆپۆلۆتیکی، کە بووەتە سێڕێیانی بەستنەوەی نەتەوەکانی کورد و تورک و فارس و هەتا ئەرمەنیش، ناوچەیەکی یەکجار گرنگی ژیۆستراتیژیکی جیهانییە و لە هەموو بابەت و پرسە نێونەتەوەییەکاندا بەرباس و بابەتە. تورکان دەخوازن بە دەستبەسەرداگرتنی ئەم دەڤەرە، پەیوەندیی مێژوویی و کولتووریی باکوور و ڕۆژهەڵات لێک ببرن و بە تەواوی گەمارۆی ئەرمەنستان بدەن و لە ناوچەی قەوقازی مەکۆ و پاوەندی ڕووسیادا ببنە خاوەنی دەسەڵات و لە ناوجەرگەی دەڤەرەکەدا گرنگترین بەشی ئەم جوگرافیایە داگیر بکەن. هەرچەندە هەڵوێستی ڕووسەکان و ڕوانینیان بۆ ئەم دەڤەرەی قەوقاز وەک پاوانی خۆیان، کارەکان پڕ گرفتتر دەکاتەوە بۆ ئەوان، بەڵام ئەگەری سڕینەوەی کورد و مامەڵەیەکی دیکە بە کورد و خاکی کوردستانەوە لە چرکەساتی ڕووخانی ڕژێمی ئێراندا هەیە و شتێکی دوورەزەین و نەگونجاو نییە، بۆیە

کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات هەم دەبێ پێشینە و کولتووری ئەم جوگرافیایە بزانێ و بناسێ، هەم ئامادە و تەیاری پاراستنی دەڤەرەکە و بەرژەوەندییە گرنگ و ستراتیژیکەکانی خۆی بێت. بە هیوای ئەوەی ئەم کورتە ڕامانە پەنجەرەیەکی بۆ وەستانی ڕاشکاو و بەبڕشت و بابەتییانە لەسەر ئەم باسە گرنگە کردبێتەوە.

## مادی بچووک، ئاترۆپاتن یا ئازەربایجان؟

مێژووی کەونارای زاگرۆس و دەڤەری تۆرۆس بەبێ ئاوڕدانەوە لە ماد، زمان و کولتوور و ئاینی ئەم شارستانییتە، ئەگەر خەسارێکی زۆر گەورەی باس و لێکۆڵینەوەکان نەبێت، بێگومان چەوتی و ناڕێکییەکی بەرجەستە دەخولقێنێ.

مادەکان خاوەنی پێکهاتە و شارستانییەتێکن تا هەنووکە و ڕەنگە بۆ هەزاران ساڵی تریش سێبەری بەسەر هەموو شارستانییەتی ئەم هەرێمانەدا بمێنێت. هەر لێرەوە بۆ ڕامان لە وشەی "ئازەربایجان"، دەخوازین ڕاستەوخۆ ئاوڕ لە ماد و دەسەڵات و شارستانییەکەیان بدەینەوە. لە کۆندا، بۆ نموونە چەندین هەزار ساڵ پێش، هیچ هەرێم و دەڤەرێک نەبووە بە ناوی ئازەربایجان. پێش دەرکەوتنی مادەکان لە هیچ دەق و بابەت و بەڵگەیەکدا، ناوێک لە ئازەربایجان نەبووە و نییە. زمان کولتوور و شارستانییەت لەم دەڤەرەدا بە ناوی مادانەوە دەردەکەوێت و لەسەر نەخشەی ناوچەکە خۆی نیشان دەدات.

مادەکان ئەو هێزە بوون کە توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی زەبەلاحترین و خوێنمژترین هێزی سەردەم بە ناوی "ئاشوور" بێنن. ئەم هێزە لاو و بەتوانایە لە سەردەمی خۆیدا، واتە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، بە بونیاتنانی دەسەڵات و شارستانییەتێکی بەرفراوان و مەزن، توانیی ڕەوتی دین و دەسەڵاتی سیاسی و هەتا تا ڕادەیەکی فرە کولتووری ناوچەکەش بگۆڕێت. لە ڕۆژگاری "دیاکۆ یا دەهکۆ" لە ڕۆژهەڵاتەوە لە شاری "ڕەی" و تارانی هەنووکەوە دەستی پێ دەکرد بەرەو باشووری خۆرئاوا تا سنوورەکانی دەوڵەتی ئاشوور (هەرچەندە ئەم ئیمپراتۆرییەش لە ساڵی ٦١٢دا بە دەستی ماد ڕووخا و کۆتایی هات). لەوێوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەکشا، تا بەشی هەرە زۆری میزۆپۆتامیا و لە باشووریشەوە تا لوڕستان هەڵدەکشا و خۆی دەگەیاندە لێوارەکانی زەریای قەزوین، تا مازندەران و هەردوو دیوی ئازەربایجان. مادەکان بەسەر کۆی ئێرانی ئێستاشدا فەرمانڕەوا بوون. دوای مادەکان ئەو دەسەڵاتە هات کە پێی دەڵێن "پارس" و میراتگری کۆی کولتوور و شارستانییەتی مادە و لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز کۆتایی دێت.

دەوڵەتی ماد دوو بەشی هەرە دیار و بەناوبانگە، بەشی گەورە و مەزنی دەوڵەتی ماد کە پایتەختەکەی شاری هەمەدان یا (ئاکباتان) بووە. پێویستە بڵێین ئەم شارە تا کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکانیش هەر وەک پایتەخت ماوەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتووە.

بەشێکی دیکەی مادی بچووک یا ڕۆژئاوا بووە. ئەم بەشە کە هەر مەکۆ و هەواری هۆزە مادییەکان بووە، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە، لەوەرگایەکی گرنگ و جوگرافیایەکی خۆش ئاو و هەوا بووە، کە هەمیشە چاوی دوژمنان و داگیرکەران و کۆچەرانی لە دوا بووە. هەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە، نووسراوە ئەکەدییەکان ئاماژە بۆ هورییەکان دەکەن کە لە نێوان ڕووباران و باکووری ئەم ناوچەیەدا ژیاون. لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە هۆزەکانی وشکارۆی زاگرۆس دەکەونە ژێر دەسەڵات و هێژمۆنیی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و عیلامییەکان. زاگرۆس، وەک دەوترێ، ناوی خۆی لە هۆزی زاگرتی ماد وەرگرتووە. لە سەرەتاکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە هێزێکی سەرەڕۆ و ملهووڕ و داپڵۆسێنەری تازە بە ناوی ئاشوور لە دایک دەبێت. ئەم هێزە بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە زێدی ماد دەخاتە ژێر چەپۆکی داگیرکاریی خۆیەوە. گرنگترین و دژوارترین ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئاشوورییەکان و هۆزەکانی ئەم دەڤەرە، لە دەوروبەری گۆلی ورمێ لە نێوان سوپای میرنشینی خۆجێیی "زاموا" و ئاشووردا ڕوو دەدات کە سوپای زاموا دەشکێت و ئەم ناوچەیە دەکەوێتە ژێر داگیرکاری و باج و خەراجی زاڵمانە و ئەستۆشکێنی ئاشوورەوە تا دروستبوون و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییەتی ماد. هاوکات لەگەڵ دروستبوونی ماددا، ناوی مادی بچووک یا ڕۆژئاواش دەردەکەوێت و وەک یەکەیەکی سەربەخۆی خۆبەڕێوەبەریی مادی لە چوارچێوەی مادی مەزندا بەرجەستە دەبێتەوە. لە کۆتایی دەسەڵاتی ماد و دەرکەوتنی پارسەکاندا، یا بە واتایەکی تر هەخامەنشییەکان، مادی بچووک هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە و جوگرافیا و دەسەڵاتدارییەکەی دەستی لێ نادرێت و درێژە بە بوونی خۆی دەدات. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی پارس چەندین ساڵ هەر بە ماد و دەسەڵاتی ماد ناسراوە و تەنانەت تا کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی داریوشی یەکەم، هەر وتراوە مادەکان. بەشێکی زۆر لە دەقە دینی و مێژووییەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. پارسەکان کۆی کولتوور و خەت و پیتەکانی زمانی خۆیان و شێوەی دەسەڵاتداریی سیاسی و ڕێکخستنی وڵاتیان لە مادەکانەوە بە میرات پێ گەشتووە و بردووە، تەنانەت دینەکەشیان هەر ئەو دینە بووە کە بەشێک لە

مادەکان و ڕەنگە ئەشرافی ماد پەیڕەویان کردووە. هەر بەم هۆیانەش، لە فۆرم و ناوەڕۆکدا جیاوازی لە نێوان ماد و پارسەکاندا نەکراوە، با بوەستێ ئەم جیاوازینەکردنە پاشان لە کورد و جیهان-ژینەکەیدا بووەتە چ مۆتەکەیەک، کە دەیان کارەسات و بەرە لە ژێر پێ دزینی لێ کەوتووەتەوە. کۆی جوگرافیای کوردستانی هەنووکە و گێلان و ئازەربایجانی ئێستا بریتی بووە لە مادی بچووک و پاشان ئاترۆپاتن. فارسەکان هەوڵ دەدەن وا پێناسەی بکەن کە ئاترۆپاتن کەسێکی هەخامەنشی بووە و دەخوازن بیکەنە سەرداری سپای خۆیان و بەم جۆرە بیگێڕنەوە سەر قەوانە کۆنەکەی بە ناو ئێرانچێتی و لە ڕاستیدا پان-فارسیزم. ناوی ئاترۆپاتن چون لە سەردەمی پارسەکانەوە سەرهەڵدەدات و بە باڵای مادی بچووکدا دەبڕێ، دەخوازن ئەم چەواشەکارییە گەورەیە بکەن؛ بەڵام دەتوانین بڵێین سەرجەمی مێژوونووسان و زاگرۆس و مادناسەکان هاوڕان کە ئاترۆپاتن کەسێکی مادی بووە و سەردارێکی شیاو و لێهاتووی مادە.

ئاترۆپاتن لە سەرەتای هێرشی ئەسکەندەردا بۆ سەر پارسەکان، ماوەیەک هاوڕای داریوشی سێیەم دژی ئەسکەندەر دەجەنگێ، پاشان لەگەڵ ئەسکەندەردا پەیمانی دۆستی دەبەستێت و دەسەڵات و دەوڵەتەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی بە فەرمی ئەسکەندەر و دەسەڵاتەکەی دەناسێنێ.

پاش مردنی خۆشی کە دەوترێ ساڵی ٣٧٠ی پێش زایین بووە، جێگرەوە و کەسان و بنەماڵەکەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن و لە سەردەمی سلووکی و ئەشکانی و ساسانییەکانیشدا هەر وا دەبێت و لە ڕاستیدا ئەم دەسەڵات و دەوڵەتە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی و تا ساڵی ١٠٨٠ی زایینی، هەر درێژەی دەبێت. بە دەرکەوتنی سەلجووقییەکان و لە سەردەمی مەلەکشای سەلجووقیدا کۆتایی بەم دەسەڵاتە دێت.

ئاسترابوون، مێژوونووسی یۆنانی، ساڵی ٦٣ی پێش زایین لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی جوگرافیا، ئاوەها باسی ئاترۆپاتن دەکات "ماد دەکرێت بە دوو بەشەوە، یەکیان مادی مەزنە و ناوەندەکەی ئاکباتان یا هەمەدانە، کە شارێکی مەزن و پایتەختە و کۆشک و سەراکەی تا هەنووکەش ماوە و لە لایەن ئەشکانییەکانەوە بەکار دەهێنرێت. بەشەکەی تری ماد، واتە ئاترۆپاتن، کە ناوەکەی لە ئاترۆپاتنی سەرکردەی خۆیەوە وەرگرتووە. ئاترۆپاتن توانیی دەسەڵاتەکەی خۆی لە شەڕی ئەسکەندەر بپارێزێ و جێگرەکانی تا هەنووکە (سەردەمی

ئەشکانیان) درێژەیان بەم دەسەڵاتە داوە. ئاترۆپاتن هەندێ جار لەگەڵ شاکانی ئەرمەنستان و پارتدا خزمایەتی و ژن و ژنخوازیی کردووە."

ئاترۆپاتن لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ ئەرمەنستاندا هاوسنوورە و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ مادی گەورە و لە باکوورەوە لەگەڵ هەردووکیان و لە باشوورەوە لەگەڵ زەریای گورگان و ناوچەی مادی مەزندا. ئارتۆر کریستینسن لە مێژووی ساسانییەکاندا دەبێژێ؛ لە زەمانی شاپووری سێیەمدا هەندێک جار بە بە ئاترۆپاتنیان دەوت "موغان"، هۆکەشی ئەوە بوو کە موغەکان هۆزێکی مادی بوون!

## ئاترۆپاتن لە ڕوانگەی مێژوونووسانەوە

لە مێژووی کۆندا چەند سەرچاوەی گرنگ و جێگەی ڕامان هەن کە دەشێت بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان و دۆزینەوەی بابەتە شاراوە و دزراوەکان، بکرێنە سەرچاوە.
مێژوونووسانی یۆنانی بە گشتی و بە تایبەتیتر هێرودۆت
مێژوونوسانی ئەرمەنی
مێژوونووسانی عەرەب
مێژوونووسانی ڕووس
مێژوونووسانی فارس
مێژوونووسانی نوێی ڕۆژئاوا
مێژوونووسانی کورد و هەندێک سەرچاوەی کوردیی دەگمەن.

لەمەڕ کورد و کوردستان و مێژووی کۆن و نوێ و خوێندنەوەی دەقەکان و ئاسەوارەکان، ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە، هەردوو سەرچاوە فارسی و عەرەبییەکان بە گشتی بە هیچ جۆرێ جێگەی باوەڕ نین، بە تایبەتیتر فارسییەکان، بۆیە تەنیا بە مەبەستی دۆزینەوەی خەتە نەنووسراو و ڕاستییە شاراوە و دزراوەکان دەبێ بخوێنرێنەوە، هەرچەندە سەرچاوە کۆنە عەرەبییەکان هەندێک جیاوازترن.
بە گشتی، هەرسێ سەرچاوەی کۆنی یۆنانی و ئەرمەنی و عەرەبی و هەندێکیش فارسی، لەمەڕ هەرێمی ئاترۆپاتن و زمان و دەسەڵاتەکەی، جگە لە ماد باسی هێز و دەسەڵات و لایەنێکی تر ناکەن.
دیاکۆنۆف دەبێژێ لە کۆندا، بۆ نموونە چەندین هەزار ساڵ پێش، ناوچەیەک بە ناوی ئازەربایجان بوونی نەبووە. ئەو هەرێمەی کە هەنووکە پێی دەڵێن سەرزەوینی ئازەربایجان، بەشێک بوو لە مادی بچووک. دواتریش لە دەسەڵاتی پارسەکاندا ئەم ناوچەیە هەر وەک خۆی مایەوە و یەکەیەکی (ساتراپێکی) گەورەی مادی بوو. شەمسی ئادەدی ئاشووری باسی ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ "هانازیرۆکا"دا دەکات کە پادشایەکی مادی بووە. ئەم میرە کوردە لە ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای ماد و گۆلی ورمێ ژیاوە و

خاوەن دەسەڵات بووە. لێرەوە بۆچوونێک گەڵاڵە دەبێت و ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە ناوی "ئاترۆپاتن" ڕەنگە لە سەردەمی مادی مەزن کۆنتر بێت و ڕیشەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتیی "هانازیرۆکا". باس لە دوو یەکێتیی هۆزەکانی ماد دەکەن کە یەکێتیی هانازیرۆکا کۆنترە و ئەگەری نزیکی لە مانایی و ئاماندا هەیە. لە ڕوانگەی ئیقرار عەلیۆفەوە، خەڵکانی دانیشتووی دەڤەری باکووری ڕۆژئاوای ماد و ماد کۆچەر نین و لە هیچ جێگەیەکی ترەوە بەرەو ئەم سەرزەوینە نەهاتوون. (*ئەگەر واش بێت، مێژووەکە هێندە کۆنە کە هیچ بەڵگەیەکی جێگەی باوەڕ بە دەستەوە نییە کە ئەم کۆچە بسەلمێنێ. هەموو گەلانی دونیا لە ئەفسانە و ئوستوورەکانی خۆیاندا، ئەفسانە یا ئوستوورە و چیرۆکێکیان هەیە کە باس لە گلان و تلان بۆ زێد و سەرزەوین یا نیشتمانی جێهێڵراو بکات و گێڕانەوەیەکی نۆستالژیکی پڕکەسەر بێت بۆ ئەو زێدە و هیوای گەڕانەوە بۆی، بەڵام لە هیچ بەرهەم و گێڕانەوەیەکی کوردیدا شتی وا نابینرێت، ئەمەش لە ڕووی مێژوویی و کولتووری و دەروونییەوە دەشێت بەلگەیەکی پشتپێبەسراو بێت کە ئەم گەلانە کۆچەر نەبوون.*)

ئاشوورییەکان و ئۆرارتۆییەکان هەردووکیان دراوسێی مادەکان بوون و هەردووکیشیان بە دەستی مادەکان ڕووخان. لەم دەڤەر و ناوچەیەدا تەنها باسی مادەکان دەکەن و یۆنانییەکانیش سەرەڕای ئەوەی کە وشەی مید و میدیا دەکار دەکەن، ماوەیەکیش ناوی ماد و پارس بەیەکەوە دێنن و لە ڕاستیدا وەک دوو هۆزی سەر بە یەک گەل باسیان دەکەن و جیایان ناکەنەوە. سلووکییەکان کە لە ساڵی ٣١٢ پ.ز تا ٦٤ پ.ز فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری ناوچەکە بوون، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئاترۆپاتن بە فەرمی دەناسن و تێکەڵی و ژن و ژنخوازییشیان لەگەڵ ئەم ماڵباتەدا دەبێت، بە جۆرێ کە "سلووکۆس" زاوای ئەم ماڵباتە بووە.

ڤاسیلی ڤلادیمیرڤیچ بارتول، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس، لەبارەی ئازەربایجانەوە دەڵێت، پێش هێرشی ئەسکەندەر، ئازەربایجان بەشێکی جیانەکراوەی ماد بووە. یەکەیەکی جیا و سەربەخۆ و خاوەن کارگێڕیی جیاواز نەبووە. کاتی شەڕی "گوگمل، گۆگامل"، ئاترۆپاتن فەرمانڕەوای ماد بوو (ئاترۆپاتن واتە مادی بچووک). دوای ئەسکەندەریش دیسان بەشێکی سەرزەوینی ماد هەر لەژێر دەسەڵاتی ئاترۆپاتندا مایەوە کە پێیان دەوت مادی بچووک. دواتر هەر بە ناوی ئاترۆپاتن ناوی دەرکرد. یۆنانییەکان بەم سەرزەوینەیان دەوت

ئاترۆپاتن و ئەرمەنییەکان بە ناوی ئاترووپەکان ناویان دەهێنا. ناوی ئازەربایجان لێرەوە سەری هەڵدا و خولقا.

ئاریان، مێژوونووسی دیاری سەدەی دووەمی زایینی، دیسان هەر ئەو ڕایەی هەیە و مادی بچووک بە ئازەربایجان ناو دێنێ. پۆلیبیوس کە ساڵی ٢٠٥ی زایینی لە دایک بووە، لەسەر هەمان ڕایە و دەیسەلمێنێ.

ئیبن خوردابە، کە خۆی نووسەری بەشی کارگێڕی (دیوان)ی ئەیالەتی ماد (جبال) بووە و لە ساڵی ٣٠٠ی کۆچیدا مردووە، باسی ئازەربایجان دەکات و ئاران و ئازەربایجان بە جیا دەزانێت.

ئیبن فەقیە سنووری ئازەربایجان وا باس دەکات کە لە لایەکەوە دەگاتە ڕووباری ئاراس و لە لایەکی دیکەوە بە سنووری زنجان و دەیلەمان و تارم و گێلانەوە دەیبەسێتەوە. ئەم دەرانەش بە ئازەربایجان ناو دەبات: بەرکەری، سەڵماس، موغان، خۆی، وەردان، مەراغە، تەورێز، بەرزە، شاپوور. میانە، مەرەند و بەرزەندە.

ئیبن حوقوول ڕووباری ئاراس بە سنووری نێوان ئاران و ئازەربایجان دەزانێ و دەڵێ ئەم شارانە ئازەربایجانن: هەردەوێڵ، دامغان، دێ خوارگان، تەورێز، سەڵماس، خۆی، مەراغە، میانە و مەرەند. شاکانی ئاران بە بووکەڵەی فەرمانڕەوایانی ئازەربایجان پێناسە دەکات و دەڵێ باج و سەرانەی خۆیان بە دەسەڵاتی ئازەربایجان دەدەن.

## پێشینەی دانیشتوانی ئاترۆپاتن

ڕەنگە دژوار بێت، زۆر بە ڕوونی و بەبێ دەمەتەقە، مێژوویەک بۆ پێشینەی دانیشتوانی ئەم دەڤەرە دەستنیشان بکرێت. ڕوونە کۆهۆکارێکی گرنگ هەن کە دەبنە هۆی ئەم کارە: نەبوونی نووسین لە هەرە کۆندا، گرنگینەدان بە مێژوو و باری ژیان و کۆمەڵایەتی، شەڕە نەبڕاوەکان و کۆچی بێپسانەوەی هێرشبەران و کارەساتە سروشتییەکان دەشێت بڕێک بن لەو هۆکارانە، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، کۆمەڵێک بەڵگە و سەرچاوە و ڕای گرنگی پشکنەران و خاوەن ڕایان هەن کە تا ڕادەیەکی گونجاو دەتوانن بنچ و بناوان و پێشینەی ئەم خەڵکانەمان بۆ دەربخەن.

گرانتوفسکی پێشینەی ئەم گەلە دەگەڕێنێتەوە بۆ نۆ سەدە پێش زایین و پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئۆرارتۆ. دەڵێ نۆ سەدە پێش زایین و پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئۆرارتۆ و هێرشەکانی ئاشوور، ئەم دەڤەرە زێدی ئەم خەڵکە بووە. ئێرە، واتە باکووری ڕۆژئاوای وشکارۆی ئێران (زاگرۆس)، مەڵبەندی ژیان و ژیواری ئەم گەلە بووە. ڕوونە و دەزانین کە لەو مێژووەوە زێدی ئەمانە دەوروبەری گۆلی ورمێ و دەشتەکانی قەراخ دیالە بووە و مادی ڕۆژئاوا بووە.

ڕوونتر لەم ڕایە، نووسەری ناودار ئیقرار عەلیۆف دەڵێ جەماوەری ئەم دەڤەرە لە بنەڕەتدا کۆچەر نین و خۆیان خاوەنی نیشتمانی خۆیانن و لە هیچ جێگەیەکی دیکەوە کۆچیان بۆ ئەم دەڤەرە نەکردووە؛ تەنانەت خاوەنی شارستانییەتێکی گرنگ و پێشکەوتوو بوون کە لە دەرهێنانی کانزاکان و بەرهەمهێنانی پارچە و خشڵ و دروستکردنی شەرابدا بە تەواوی دەستڕەنگین و پسپۆڕ بوون. سەرەڕای ئەمانەش، دەڤەرەکە ناوچەیەکی خۆش ئاو و هەوای خاوەن زەویوزاری بەپیت بووە و کشتوکاڵ و مەڕدارییان بە باشی زانیوە. ئەم هۆکارانەش بوون کە کردوویانەتە مەکۆی سەرنج و هێرشی داگیرکەران و تاڵانچییەکان و هێزە کۆچەرەکان.

ئەم ڕایەی عەلیۆف زۆر گونجاوە و لە چەند لایەن و بۆچوونی دیکەوە پشتڕاست دەکرێتەوە. کۆمەڵێک لێکۆڵەری دیکەی ڕووسی و یۆنانی ڕایان وایە کە ئازەربایجان، یا مادی بچووک، پێش ئەخمینییەکان و لە سەردەم و تەنانەت پێش مادی مەزنیش نهێنیی

دەرهێنانی کانزایان زانیوە، تەنانەت چەند جۆری سکە و پارەیان لێ داوە کە لە کانزاکانی وەک زیو و زێڕ بوون. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئامادەبوونی جۆرە بازاڕێک و پارە و گۆڕینەوەی کاڵا و دراو؛ تەنانەت باس لە بوونی خەت و کتێب لەم دەڤەرە دەکەن. ڕوونە بە هەبوونی دراو و بازاڕ و گۆڕینەوەی کاڵا و پارە، گونجاوە کە خەت و نووسینیش هەبووبن و چەمکێ لەم شارستانییە بووبن.

سڵاوات گولیامۆف باس لە دۆزینەوەی یەکەم جاری گەنمی دێم لە کوردستان دەکات و لە ئاخاوتنی لەمەڕ هۆزەکانی ئۆمان ماندا و ناوە سەرەتاییەکانیان و پاشان دەرکەوتنی گۆتییەکان لە زاگرۆس و تورۆس، باس لە ئاستی گەشە و شارستانییەتی ئەم دەڤەرانە دەکات و بە وردی باری شارستانی و ئابووری و جۆری ژیان و کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە ڕاڤە دەکات.

هەر لەم پەیوەندییەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕەسەنی و خاوەن زێدیی کوردان لەم دەڤەرەدایە کە سۆمەرناسی بەناوبانگی ئەمەریکایی، پرۆفیسۆر "ئەفرایم شەبیزەر"، مامۆستای زانکۆی پەنسلڤانیا، لەو یەکەم کەسانەیە کە ئاماژە بۆ گۆتییەکان دەکات و بە دانیشتوانی ڕەسەن و ڕاستەقینەی وشکارۆی زاگرۆسیان دەزانێ، بە بن و بنەچەی کوردانی ئەمڕۆشیان دەناسێنێ و کوردان دەباتەوە سەر ئەوان. دەبێ ئەوەش بوترێ کە سۆمەرناسی بەناوبانگ "سیمکا نەوی کرامەر" دیسان هەمان ڕای هەیە و "جۆن کامیرۆن"یش هەمان ڕا و تێڕوانین پەسەند دەکات.

ڕوانگە نوێیە هەنووکەییەکان کە لەسەر کۆچی سۆمەرییەکان دەدوێن، زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا ڕای دەگەیەنن ئەم بەرئەنجامە گونجاو و تۆکمەیە کە گۆتییەکان (واتە وەرزێران، جووتیار)ی سەردەم، کۆنترین و سەرەکیترین و ڕەسەنترین گەلی دەرە و چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و نێوان ڕووبارانن. لە دەقە ئاشوورییەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە مادەکان لە ناوچەی گۆلی ورمێ ژیاون. مادەکان سەرەتا لەگەڵ ماناکان و ئۆرارتۆییەکان و ئەوانی تردا لە دەڤەری ئازەربایجان و کوردستاندا ژیاون. ڕوونە لە نێوان ئەم گەل و هۆزانەدا شەڕ و پێکدادان بووە، هەر وەک لە سەردەمی فەرمانڕەوای ئۆرارتۆیی "مەنوئە کوڕی ئایشۆوئین"دا لە نێوان ساڵانی ٨٨١-٧٧٨ پێش زایینیدا شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەو و ماناکاندا ڕووی داوە.

لە بەردەنووسە ئۆرارتۆییەکاندا کە بە خەتی بزماری نووسراون، هاتووە کە ماناکان لە ڕۆژئاوا و باشووری گۆلی ورمێ ژیاون. دیسانەوە لە بەردەنووس و سواڵەتەکانی ئاشووردا و لە نیوەی سەدەی هەشتەمی پ.ز و لە سەردەمی دەسەڵاتی "تیگلات پالنەسر"دا مادەکان لە باشووری گۆلی وان ژیاون.
لە یەکێ لە فاڵنامەکانی سەردەمی ئاشووریدا لە کاتی فەرمانڕەوایی "ئاسەرحەدوون"دا هاتووە کە ئاسەرحەدوون پرسیار لە شەمەشی خوای ئاشووریان دەکات و لە وەڵامدا باس لە سەرزەوینی "کیمرییەکان" لە ڕۆژئاوا و هەروەها ماناکان لە باکوور و مادەکان لە باشووری باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ دەکرێت، کە ئەمانە لەوێ جێگیرن.
لە تەوراتدا گەلێ جار و بە زۆری باس و ناوی پادشاکانی وڵاتی ماد هاتووە، هەروەها باسی هۆزەکانی ئۆرارتۆ و سەکاکان و مانا هاتووە کە سەر بە دەسەڵات و شارستانییەتی مادن و بەشێکن لەم دەسەڵاتە.
بەرەی دژەئاشووریی مادان کە لە هاوکار و هۆزەکانی سەکایی و کیمرییەکان و ماناکان پێک هاتبوو، توانیی دەوروبەری ساڵی ٦٦٩ پ.ز ئاشوورییەکان ناچار بکات کە بکشێنەوە و بە فەرمی دەسەڵاتی مادی بناسێ. سەرزەوینەکانی ئۆرارتۆ، مانا و بەشێکی زۆری سەکاکانیش بوون بە سنووری ئەم دەسەڵاتە و دەتوانین بڵێین تا ساڵی ٥٩٣ پ.ز بە جۆرێک خۆبەڕێوەبەر بوون، ئیتر بەشێک بوون لە سەرزەوین و دەسەڵاتی ماد. هەروەها کیمیرییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووکەوە و پارسەکانیش بەشێک بوون لە دەسەڵات و دەوڵەتی ماد، کە ناوەندەکەی ئاترۆپاتن بوو.
لە سەدەی هەشتەمەوە تا سەدەی شەشەمی پ.ز، کیمیرییەکان و سەکاکییەکان لە کۆچ و نیشتەجێبوونی هۆزەکان و شەڕەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە. ئەمانە لە ئاترۆپاتن و کوردستان دەژیان و جێگیر بوون. هەروەها لە گەشەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دەڤەرەکەدا زۆر کاریگەر بوون و توانییان وا بکەن کە ئەم دوو بەشە گەشەی فراوان و گرنگ بکەن. لە تەوراتدا چەندین و چەند جار باس و ناوی ماد و پاشاکانی ماد هاتووە. بە ڕوونییش باسی هۆزەکانی ئۆرارتۆ و مانا و سەکاکان کراوە و بە بەشێک لە دەسەڵات و دەوڵەتی ماد پۆلێن و باس کراون و ناویان وەک بەشی گرنگ و جیانەکراوەی ماد هاتووە. لە بەردەنووسەکەی بێستووندا خاڵێک هەیە کە بە زەقی و بەرجەستەیی باسی ئاترۆپاتن دەکات و دەیسەلمێنێ کە خاکی ماد و مادی بچووکە. لەو بەردەنووسەدا دەڵێ

ماد هەرێمێکە لە پاڵ ئەرمەنستاندا و سنوورەکانی لەگەڵ سنووری هەنووکەی ئازەربایجاندا دێتەوە.

داریوش دەڵێ کەسێک لە خزمەتکارەکانی خۆم بە ناوی "دادارشەش"م نارد بۆ ئەرمەنستان و پێم وت، برۆ بۆ ئەرمەنستان، ئەو سوپایەی کە دژی من ڕاپەڕیوە و مل بە ئیرادەی من نادات، تێک بشکێنە. دادارشەش لە ئەرمەنستان چاوەڕوانی من بوو تا گەشتمە ماد.

بۆچوونێک هەیە کە پێی وایە و ڕەنگە کە "مادا سوورپاتگان" بووبێتە ئازەربایجان. بۆ ئەم ڕوانگەیە، پەنا دەباتە بەر یەشتەکان و ئاماژە بۆ یەشتی ١٠٢ دەکات و دەڵێ لێرەدا ناوی چەند پیاوچاک هاتووە، کە یەکێکیان ناوی "ئاترۆپاتن"ە. پاشان ئەم ناوە بووەتە نازناو بۆ بنەماڵە و ئەمیران و ڕەگە ئەم ناوی ئازەربایجانە لێرەوە هاتبێ. دەتوانین بڵێین سەرپاکی ئەم بۆچوونە هەڵەیە و هەوڵێکە بۆ بەپارسکردن و دزینی بەڕەکەی ژێرمان وەک هەموو شتەکانی دیکە. دەزانین کە یەشتەکان فرە تازەترن لە ناوی ئاترۆپاتن. ئاترۆپاتن لە سەردەمی ماد و مادی بچووکەوە وەک ناو و نازناو هەبووە و یەشتەکان هەتا ئەگەر ڕای پارسەکان خۆشیان بە پێوەر بگرین، دەگەڕێنەوە سەردەمی هەخامەنشی کە واش نییە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا خولقابن.

ئەحمەدی کەسرەوی لە کتێبەکەی خۆیدا (ئازەری یا زمانی دێرینەی ئازەربایجان) دەڵێ پێش ئێرانیش لە ناوچەی ئازەربایجان خەڵکانی خۆجێی و دێرین هەبوون. پاشان ئێران هاتووە و داگیری کردووە و تێکەڵاوی دروست بووە. ڕوونە مەبەستی کەسرەوی لە ئێران، شتێک نییە جگە لە پارس و ئەشکانی.

لە کۆی مێژووی ماد و هەخامەنشی و ئەسکەندەر و سلووکییەکان و ساسانییەکاندا تا دەگاتە ئیسلام و دەورانی دەسەڵاتی سوڵتانە سەلجووقییەکان و تا سەدەی پێنجەمی کۆچی و دواتریش، ئەم دەڤەرە ئەمیرەکان و جەماوەری دانیشتووی کورد و ماد بوون. هەنووکە و لەم چاخەشدا، پاش ئەو هەموو بەفارسکردن و تورککردن و ئێرانیکردنە، ناوی چیا و دەرە و شوێنەکانی ئازەربایجان هەر کوردین، گوندەکان و شارەکان و ڕووبارەکان تا دەگاتە دەشتەکان، بەشێکی بەرچاویان هەر بە کوردیی مادی ماونەتەوە، ئەمە خۆی باشترین بەڵگەیە کە ئازەربایجان واتە کوردستان.

لە پوختەی ئەم باسەدا دوو خاڵ زۆر بە بەرجەستەیی دەردەکەون:

یەکەم، ئازەربایجان یا ئاترۆپاتن هەمیشە و بە درێژیی مێژووی خۆی بەشێکی جیانەکراوە و هەرە گرنگی ماد بووە.

دووەم، ئاترۆپاتن یا ئازەربایجان کۆی ئەمیر و بەڕێوەبەر و زۆرینەی جەماوەر و دین و زمانی کورد بوون، لایەنی کەم تا سەدەی پێنجەمی کۆچی و سەردەمی سوڵتانە سەلجووقییەکان.

## زمانی دێرینی خەڵکی ئازەربایجان

ئەگەر ئاوڕێک لە زمان و لێکدانەوەی لە ڕەهەندە مێژووییەکەیدا بدەینەوە، دەتوانین تیشک بخەینە سەر زمانی دێرینی دەڤەری ئاترۆپاتن و گۆڕانکاری و ڕەچەڵەک و ئاستی ئامادەبوونی لە ژیانی کۆن و جوگرافیای سروشتی و مرۆیی هەنووکەشدا ببینین و بزانین لە کام زمان و بنەماڵەی زمانییە و لە ڕاستیدا چەندە لە زمانی مادی و کوردیی هەنووکە نزیکە یا دوور.

ڕوونە لە ڕەوتی مێژووییدا هەر کات و لە هەر بەشەی جیهاندا هێز دەستاودەست دەبێت و هێزێکی داگیر کە سەردەکەوێت، دەسەڵاتێکی خۆماڵی دەشکێت و لە باڵادەستی دەکەوێت. هێزی جێگرەوە هێژمۆنیی خۆی دەسەپێنێ و دەبێتە دەسەڵاتی زاڵ و کۆی پەیوەندییەکانی ژیان و کۆمەڵگە لەم ڕێگەیەوە دەکەوێتە ژێر دەستی هێزی زاڵ. سەرەڕای ئەمەش، پێکهاتەی دانیشتوان دەگۆڕێت و گۆڕانی هەراو بە خۆیەوە دەبینێ، بە تایبەتتر ئەگەر ئەم دەستاودەستبوون و داگیرکراوییە لە مێژوویەکی دووردا ڕووی دابێت و تا هەنووکەش درێژەی هەبێت. سەرەتا بە هۆی تێکەڵاویی جەماوەری و هاتنی داگیرکەران یان کۆچەرانەوە، کولتووری ناوچەکە دەکەوێتە بەر بارگاویبوون بە زمان و کولتووری دەسەڵاتی تازە و زاڵ. یەکەم نیشانەکانی ئەم گۆڕان و تێکەڵبوونە لە زمان و کولتووردا خۆی نیشان دەدات. وشەکان لە نێوان زمان و کولتوورە جیاکاندا دەکەونە گۆڕینەوە و لێکوەرگرتن و هەتا گۆڕان.

زمان بوونێکی زیندووی سەربەستە کە هاوکات لە ژیانی ئۆرگانیکی خۆیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆدیاردەیەک و لە هەناوی خۆشیدا دۆخی ژیان و مردنی هەیە. لە پرۆسەی ژیان و ڕۆژەڤبووندا زمان وەک هەر بوونێکی دیکە لە کاتی گەشە و بەربڵاوبووندا ڕووبەرەکانی ژیان و ژیوار دەتەنێتەوە و بەرەبەرە گەشە دەکات، بەڵام کە دەکەوێتە پشتەوەی ژیان و لە ڕۆژەڤدا نامێنێ، دەکەوێتە پووکانەوە و لاوازبوون و بەجێهێشتنی ڕووبەرەکانی ژیان. دەسەڵات ئابووری و سیاسەت و کولتووری بە ڕۆژ زمانی داگیرکراو ناچار بە کشانەوە لاوازبوون و تەنانەت هەندێک جاریش لەناوچوون دەکات. گەشەی ژیان و ئابووری و دەسەڵات و ڕەهەندەکانی زانست و کۆمەڵگە ڕووبەرێکی فراوان بە

ئامادەبوونی زمان دەبەخشن و زمان دەبێتە هەناوی کۆی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە و تۆڕێکی مەزنی پێکەوەبەستنەوەی کۆی ئەم ئاقارانە. پێچەوانەکەشی ڕاستە و وەرگرتنەوەی ئەو ئاقارانە لە زمان، واتە هەوڵ بۆ سڕینەوەی زمان و لاوازبوونی زمان. زمان کاتێ دەرفەتی بەکۆمەڵایەتیبوونی بۆ دەڕەخسێت، دەبێتە ئاوەز و هزر، پۆلێن و پێناسە و موتووربەی شارستانییەت و جەماوەری نەتەوە دەکات و لێرەوە ئیتر خۆی دەسەڵاتە و لەبری میکانیزم دەبێتە مەبەست. زمانی شکاو و داگیرکراو زەبری بڕستبڕی وێ دەکەوێت و دەپووکێتەوە، کەم کەم دەکشێتەوە بۆ ئەو پەنا و پشێوانەی کە ئاخێوەرانی بۆی دەسازن و ئەگەری خۆنواندن و مانەوەی هەیە ئەگەر ئاوەها دەرفەت و مەودایەک هەبێت.

ڕامان لەم زمانە و هەموو ئەو زمانانەی دەکەونە گێژەنی ئاوەها چارەنووس و بەسەرهاتێکەوە، یەکجار ئاڵۆز و دژوارە. شوێنپێهەڵگرتنی ئەم زمانانە ڕاستە دژوارە، بەڵام نەکراو و نەگونجاو نییە. لەگەڵ هەموو گرفتەکاندا، هەندێک ڕێگە هەن و دەتوانن بەرەو ڕووناکیی پەنجەرەیەک بمانبەن کە ڕابوردووی ئەم زمانە بدۆزینەوە و لێرەوە ئاوڕێک لە ڕابوردوو و ئێستایان بدەینەوە. نیشانە و ئاماژەکانی بدۆزینەوە و ئازەربایجانی دێرین و ئێستاش پەیدا بکەین. ئەو ڕێگەیانە دەتوانن چاوساخمان بن و بمانبەنە جیهانی ئەو زمانەوە، تا بتوانین چیرۆکی چۆنێتیی گەشە و لاوازیی مانەوە و گۆڕان و کەوتنە بەر زەربەیان بهۆنینەوە. لە ڕاستیدا ڕێگەیەکی گرنگ و شیاوی شێوەی بەرباسخستن و لێکۆڵینەوە و هەوڵی ناسینی ڕەچەڵەکی زمان، ئەو ناوانەن کە هێشتا ماونەتەوە و وەک خۆیان بەکار دەهێنرێن، وەک ناوی چیاکان، دەرەکان، زەریاکان، ڕووبار و گوند و شارەکان، تا دەگاتە دەشت و تەنانەت ناوە کەسییەکان و کەسایەتییەکانیش.

ڕێگەیەکی دیکە جوگرافیای سروشتیی هەرێمەکانە کە دەشێ یارمەتیدەری هەرە باش بێت بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە. کاریگەریی جوگرافیا لەسەر ناوەکان و جۆری ژیان و کولتوور ڕوونە و بە بەرجەستەیی خۆی دەنوێنێ. جوگرافیایەکی وشک و بیابانی، ناوی چۆم و چیا و زەریا لە هەرێم و ژینگە و ژیواری خۆی نانێت و جوگرافیایەکی دارستانی و چیایی ناوی بیابان و بیابانی لە ژینگە و ژیواری خۆی نانێت.

لێرەوە ئاوڕێک لە ناوی هەندێک لە شار و گوند و ڕووبار و دەرە و دەشت و ناوە تایبەتەکانی ئەم دەڤەرە دەدەینەوە.

بەشێک لەو ناوانەی کە ڕوونن، پێویست بە خۆماندووکردن و ڕەچەڵەکناسی و لێکدانەوەی زمانەوانی ناکات و بە ئاشکرا کوردیبوون و مێژووی بوونیان دیارە. ئەم ناوانە لە لایەن نووسەرە پارسەکانەوە بە درێژایی مێژوو بە پارسی ناو براون و هەوڵیان داوە وەک سامانی زمانی فارسی نیشانیان بدەن.

گەرم ڕوود، یا گەرمە ڕووبار، لا ڕوود، ئاویەر ڕوود، ئیج ڕوود، تەنگەی ئاموو، دووئاو، میان دووئاو، ئەوەس باران، شائاوا، دەسگەرد، دەرەدێز، سیاچەشمە، دینار، تازەکەند، بەهارستان، گێلان دێ، کاروان، دێزچە، دیزە، گەردئاو، مەهاباد. ورمێ، تەورێز، هەردەوێڵ، شنۆ، سەڵماس. خۆی، بۆکان، ڕەشەکان، باواسوورە، قەڵاسوورە، هەشت جووت، خورخورە، نەڵ گۆران، مانگ نیشان، شیروان دێ، شیرین، زەڕین ئاوا، بێڵەسوار، نیوئاو، دێ خۆران، سوورەوەرد، زاغە، خۆش دەرە، زنجیران، دینەوەر، لایجان، دێلمەقان (دلۆڤان)، زنجان، مادان، هەشت سەر، ئاوباریک و گەرمەخانی، یەکەدار یا تاقەدار، بی دەک، گردەکان، گوێز، سوورە.

کەسرەوی ڕای وایە بەشێک لە ناوە تورکییەکان ئەو ناوانەن کە خۆیان مانای ڕوونیان هەیە و دەقاودەق کراونەتەوە بە تورکی، وەک ناوەکانی: گەرمەخانی و ئاوباریک و گردەکان و... هتد.

خاڵێکی دیکەی گرنگ و شیاوی سەرنج، پاشماوەی زمانی کۆن و ڕەسەنی دەڤەرەکەیە کە داگیرکەران و کۆچەرانی تازەهاتوو ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە و لە پەراوێزدا بە تەرەیی و لاوازی دەژی. ئەم شێوە ئاخاوتنە یا شێوەی ئازەری یا پەهلەوی، تا ساڵیانێکی پێش لە دەڤەرەکە هەر هەبوون و لە ناوچەکانی ئەهەر زەند و حەسەن و خەڵخاڵ هەر مابوو. لە ڕاستیدا زمانی ئازەری شێوەیەکی زمانی کوردییە و هیچ فڕی بەسەر فارسی و تورکییەوە نییە. تورکیی ئازەری لە دوور و نزیک بوونی نییە و بەپێی هەموو یاسا و ڕێساکانی زمان ناتوانێ کەمترین نزیکیی لەگەڵ ئازەری هەبێ. هەندێک لە مێژوونووسان و زمانزانان و خاوەن ڕایان لەو بڕوایەن کە ئەڤێستا لە دەڤەری ئازەربایجان سەری هەڵداوە و خولقاوە. دەڵێن؛ ئاڤێستا زمانی دێرینی خەڵکی ئەم دەڤەرەیە، یا بە زمانی دێرینی خەڵکی ئەم دەڤەرە نووسراوە. هەندێکیش لە مێژوونووسان زمانی خەڵکی ئازەربایجان بە پەهلەویی ئەشکانی ناو دەبەن.

ئیبن نەدیم لە کتێبی "الفهرست"دا و لە زمانی ئیبن موقەففەعەوە دەڵێ زمانی پەهلەوی زمانی خەڵکی ناوچەکانی "ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماه (هەمان ماد) نەهاوەند و ئازەربایجانە".
ئەمە ڕێک ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم زمانە زمانی هەردوو دەڤەری مادی مەزن و مادی بچووکە.

دابەشکردنی زمان بەسەر دوو دەسەڵاتی ئەشکانی و ساسانیدا وەک پەهلەوی ئەشکانی و ساسانی، هەڵە بێ یان ڕاست، خۆی دەرخەری ڕاستییەکی گرنگی مێژوویی و زمانەوانییە کە هەردوو شێوەکە کوردین، چونکە بە هەزاران بەڵگەی زمانەوانی و مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری کۆی کۆمەڵایەتیی ئەو دوو دەسەڵاتە کوردی و کوردن. بە هەموو پێوەرەکان و ڕای زۆرینەی مێژوونووسان و زمانزانان، زمانی خەڵکی ئازەربایجان یا مادی بچووک، هەر هەمان زمانی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و ناوەندی وشکارۆی زاگرۆس (ئێران)ە، کە بە شێوەیەکی تر و بە مانایەکی تر، هەر زمانی مادی مەزنە و ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەراسەریبوونی زمانی مادی لە هەموو وشکارۆی زاگرۆسدا.

دوای هاتنی ئیسلام، هەندێ جار بە زمانی خەڵکی ئازەربایجانیان وتووە پەهلەویی ئازەری، هەندێ جاریش وتوویانە ئازەری. ئەوەشیان ڕوون کردووەتەوە کە جیاوازییەکی وای لەگەڵ زمانی مادی مەزندا نەبووە. وەک ئەوەی کە ناسر خوسرەوی قوبادیانیی شاعیر و گەڕۆک لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەڵێ، پێش مانگی سەفەری ساڵی ٣٤٨ی کۆچی، گەشتمە تەورێز، کاتێ کە گەشتم، ڕۆژی ٥ی شەهریوەری قەدیم بوو. لە تەورێز قەتران ناوێکی شاعیر هەبوو، کە دیتم. شیعری جوانی دەوتن، بەڵام زمانی فارسیی باش نەدەزانی. هات بۆ لام. دیوانی شیعری مەنجیک و دیوانی دەقیقیی لەگەڵ خۆی هێنابوو. دەیخوێندەوە و هەر وشەیەکی کە نەدەزانی، لە منی دەپرسی، مانام دەکردەوە و پێم دەوت و دەینووسی. شیعرەکانی خۆشی بۆ من دەخوێندەوە.

یەعقوبی کە لە دەوروبەری سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە، لە کتێبی "البلادان"دا زمانی خەڵکی ئازەربایجان بە پەهلەویی ئازەری ناو دەبات. گەڕۆکی بەناوبانگی دنیای ئیسلامی سەدەی چوارەمی کۆچی ئەبوو عەبدوڵا بەشار ئەلمەقدیسی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (أحسن التقاسیم فی معرفة الأقالیم)، لە بەشی زمانەکانی بە ناو ئێرانیدا و لەبارەی زمانی

خەڵكی ئازەربایجانەوە، دەڵێت "زمانیان ساكار و بێگرێوگۆڵ نییە." ڕوونە مەبەستی لەو زمانەیە كە پێی دەڵێن فارسی یا توركی.
مەسعوودی شێوە ئاخاوتنی ئازەری و پەهلەوی بە یەک ڕەچەڵەک دەزانێ. ئەبوو عەبدوڵا محەمەد بن خوارەزمی، كە لە سەدەی چوارەمی كۆچیدا ژیاوە، لە كتێبی "مفاتیح العلوم"دا هەر وەک ئیبن موقەفەع قسە دەكات و دەڵێ پەهلەوی (فەهلەوی) یەكێک لە زمانە ئێرانییەكانە كە پادشاكان لە كۆڕ و كۆمەڵەكانی خۆیاندا و لە دانیشتنە تایبەتەكانی خۆیاندا قسەیان پێ كردووە. دەڵێ وشەی "پەهلە" وشەیەكی كۆنە كە دەگەڕێتەوە بۆ پەهلەو، ناوی پێنج هەرێمە كە بریتین لە "ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان، ماە نەهاوەند، ئازەربایجان"، ئەمەش واتە سەرزەوینی مادی مەزن.
یاقووتی حەمەوی كە لە سەدەی هەشتەمی كۆچیدا ژیاوە، لەبارەی زمانی خەڵكی ئازەربایجانەوە دەڵێ؛ زمانێكیان هەیە و پێی دەڵێن ئازەربایجانی و جگە لە خۆیان، كەس لێی تێ ناگات.
حەمدوڵای مستەوفی لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی كۆچی لە ئاماژەكردندا بۆ زمانی خەڵكی مەراغە، دەڵێت زمانیان پەهلەوییە و گۆڕاوە. واتە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بە هۆی نزیكیی زمانی كوردی و ئازەرییەوە، یا لە ڕاستیدا بە هۆی لە ڕیشەوە یەكبوونیان، گێلانییەكان بە توركانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان دەڵێن كورد. كاتی خۆی گێلانییەكان بە ژنانی خەڵخاڵ یان هەردەوێڵ – ئەردەبیلیان دەوت "باجی" یا "كوردباجی"، بە مانای خوشكی كوردم. هەنووكەش لە زۆر ناوچەی كوردستان بە خوشكی گەورە هەر دەڵێن باجی. لە ڕەشت كاتی خۆی گەڕەكێک هەبوو هەموو دانیشتوانی ئازەری بوون، كە ڕەشتییەكان پێیان دەوت گەڕەكی كوردەكان. ئەم ناوە دەڵێن هەنووكەش لە شاری ڕەشت هەر ماوە. ئێستاش لە شێوە ئاخاوتنی گێلەكیدا دەستەواژەكانی كوردی خەڵخاڵی و كوردی هەردەوێڵی هەر هەن. هەموو ئەمانە ئاماژە و بەڵگەن بۆ یەكبوونی كوردستان و ئازەربایجان و یەكپارچەیی خاک و وڵاتی مادی مەزن.
لە كتێبی "روضات الجنان وجنات الجنان"دا، لە نووسینی حافز حسێن كەربەلای تەورێزی، ئاوەها نووسراوە: "لە ساڵی ٨٣٢ی كۆچیدا میرزا شاهروخ بۆ سەركوتانەوەی نەوەی میرزا ئەسكەندەر كوڕی قەرا یوسفی قەراقۆینلوو، چوو بۆ ئازەربایجان و سوپایەكی گەورەی لەگەڵدا بوو. لە تەورێز چوو بۆ دیداری حەزرەتی پیر حاجی هەسەنی زەهتاب، كە ئەوكات

له گەورە و مەزنانی سۆفییەکان بوو، داوای دڵگەرمی و دڵنەوایی لێ خواست. دوای گەڕانەوەی شاهروخ، ئەسکەندەر هاتووە بۆ تەورێز، بۆ تۆڵەی ئەو دیدارە و دڵنەواییەی حاجی حەسەن لەگەڵ شاهروخدا، بڕیاری دا کوڕەکەی حاجی کە ناوی ئەبوو بەکر بوو، لە دار بدات. جەلادەکان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد و کوڕەیان لە دار دا. جەستەی بێگیانیان ناردەوە بۆ خانەقاکەی باوکی. پیر حاجی حەسەن هەر کە چاوی بە لاشەی بێگیانی کوڕەکەی کەوت، وتی:

ئەسکەندەر ڕوەم، ڕاکوشتی، ڕوەت کوشاد. (واتە: ئەسکەندەر، ڕۆڵەت کوشتم، ڕۆڵەت بکوژن)."

ئەم ڕستە و نیوەبەیتە، بێ هیچ دەسکارییەکیش، بۆ هەموو کوردێکی کوردیزان بەبێ گرێوگۆڵ فام دەکرێت. ڕاوەستانێکی کورت پێمان دەڵێت:

یەک، وشەی پیر سەر بە کولتوور و شارستانییەت و باوەڕ و هزری ئایینیی کوردە و ئاخێزگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میترا و میترابیزم. دوو، لە زمانی کوردیدا دوو فۆنی (بە تایبەتی لە هەرێمی لوڕستان و ناوچەی کەلهوڕ) زۆر بەکار دەهێنرێت. "لە وشەی بکوشاد"دا دەکرێ وشەکە "بکوشن" بێت و بە هۆی زەمان و چۆنێتیی بێژە و کاریگەریی داگیرکەران و زمانەکەیانەوە یا لە گوێزانەوەدا گۆڕابێت. جگە لەمانەش، گەڕان و فراوانیی ئەم شێوەیە لە جۆرە ئاخاوتنەکانی لەکی و لوڕیدا بە فراوانی هەیە و لە لوڕی و لەکیدا بە هەمان شێوە بەکار دەهێنرێت.

هوومامی تەورێزی، شاعیری بەناوبانگی ئازەربایجان لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا، هەندێ شیعری بە زمانی ئازەری یا پەهلەوی هەیە، لێرەدا چەند نموونەی دەخەینە بەردەست:

وەهار و ول و دیمە یار خۆش بی
ئوی یاران مە ول بی مە وە یاران

"ول" بە هەورامی واتە خونچە، "دیمە" واتە دیمەن، ڕوخسار، دەم و چاو، "ئوی" واتە دوای، بە مانای داخ و کەسەریش دێت، "مە" بە کرمانجی واتە ئێمە. لەکییەکان هەنووکەش "خۆش بی" دەقاودەق وەک خۆی بەکاری دەهێنن. کۆی ماناکەی دەڵێ؛ بەهار بە خونچە و ڕووی یارەوە خۆشە. بەبێ یاران ئێمە بێ خونچە و بەهارین و ئێمە نین.

له شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

به میهرت هەم بشی خۆش گیانم له دەست

لوانت لاو جەمەن دیل و گیان بەست.

چەمەن دەبێ جەمەن بێت، که دەبێت به لێوانت لای من دڵ و گیانمی بەست، واته ئەسیری کرد.

"بشی" به هەورامی واته چوو، له دەست چوو؛ "لوانت" واته لێوانت؛ لاو جەمەن واته به هەورامی لای منەوە، یا دەشێت به "له لای چەمەن"یشەوە مانا بکرێت. کۆی مانا واته به میهرەبانیی تۆ گیانم له دەست چوو. هەرچەندە "له دەست" دەشێ "زە دەست" و "جه دەست"یش بووبێت. لێوەکانت دڵ و گیانی منی برد.

له ڕاستیدا ئەم دەقانه هیچ پێویست به وەرگێڕان ناکەن، بەڵام سەرەڕای ئەو مێژووە دێرینه و ئەو هەموو داگیرکاری و کارەسات و لێکترازانه، ئێستاش هەموو کوردێک به ئاسانی و تاوێ وەستان، ڕاستەوخۆ لێیان دەگات و فامیان دەکات.

عزەدین عادل بن یوسفی تەورێزی که له سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە، ئەویش هەندێ شیعری به شێوەی پەهلەویی ئازەری هەیە.

دەڵێ:

سەحەرگاهان که دیلم تاوەگیری

جه ئاهم هەفت چەرخ ئالاوە گیری

له ڕاستیدا هیچ پێویست به ڕاڤه و لێکدانەوە ناکات، دەڵێی هۆنەرێکی ئەم چاخه به تێکەڵکردنی وشەکانی چەند شێوە ئاخاوتنی کوردی، ئەم شیعرەی وتووە.

"سەحەرگاهان" واته کازیوە، بەیانیان، سپێدە، "تاوەگیری" واته له دڵم تاو دەسێنێ، ئاور دەگرێ، گەرم دەبێ، گڕ دەگرێ. له هاوار و گازەم، ئاهم، هەفت چەرخ دەسووتێ، ئاور دەگرێ.

ئەحمەدی کەسرەوی کۆی ئەم ناوانه به بێمانا و ناڕوون دەزانێت و پێی وایه هیچ مانایەکیان نییە:

تەورێز، خۆی، سەڵماس، یا شەڵماش، ئورمییە (یا ورمێ)، وەیجویە، لێلاو، یا لێلاو، ئاڵوار، ئاستارا، ئۆجان، ئەرەس، ئەزناب. هەرچەند ئەو هەموو ئەم ناوانە بە بێواتا دەزانێ، بەڵام بەشی زۆری ئەم ناوانە بۆ هەر کوردێک پێویست بە ماناکردنەوە و لێکدانەوە ناکات.

باس لە هەندێک لەم ناوانە دەکەین. با ئورمیە باس بکەین و قایل بە شرۆڤەی ڕەچەڵەکە ئاشوورییەکە بین کە من وا دەزانم هەڵەیە، واتە شاری قەراخ ئاو. ئور واتە شار و میەش دەکاتە ئاو. ئەم ناوە دەشێت ڕەچەڵەکێکی هوری بێت و لە بنەمادا هوری بێت. ئەم پاشگرە لە بەشی هەرە زۆری شارەکانی سۆمەردا هەیە و سۆمەرییەکانیش تێکەڵییەکی زۆریان لەگەڵ هورییەکاندا هەیە. زۆربەی ئەو ناوچە و دەڤەر و شارانەش کە بەم پێشگرەوە دەست پێ دەکەن، دەکەونە کوردستانەوە، وەک: ئورامان یا هەورامان، ئوربیل یا ئەربیل (هەولێر). پێم وانییە ئەوە ڕێکەوت بێت کە بە کوردی دەبێتە هەولێر. ئورامان، هەورامان و ئوربیل، هەولێر، ئورفا... هتد.

ڕیچارد نیلسۆن پێی وایە وشەی ئورمیە ڕەچەڵەکی ئۆرارتۆیی هەیە و ئەم دەڤەرەش بەشێک بووە لە وڵاتی ئەوان و مادی بچووک. ورمێ وەک ناوە هەنووکەییەکەی بگرین، دەبێتە یانە و زێدی ئێمە. وار یا وارگە یا هەوارگە، واتە شوێن و جێگەی ژیان و مەش واتە ئێمە، وارێ مە.

خۆی، هەنووکەش لە ناو هەموو کوردانی کرمانجدا خوێ بە خۆی بێژە دەکرێت و لە مێژە ئەم شارە کانگای خوێ بووە. خوێی خۆی ناسراوی گشتە.

سەڵماس، هەندێک وا بۆ دەچن ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ئاشوورییەکان و ڕەنگە لە ناوی پاشای ئاشووری "سلەما نەسر" یا "شەڵەما نەسر"ەوە وەرگیرابێت

تەورێز، یا تەڤرێز، یا تاوڕێژ، یا تەوڕێژ، بە هەر کام لەم بێژانە بخوازین لە کوردیدا بێژەی بکەین و بینووسین، مانای دیارە. تاو واتە هەتاو یا خۆرەتاو، تەم، واتە مژ، تاوڕێژ، واتە تاوی باران، تاوڕێژ هەر ئێستاش لە کوردیدا بەکار دەهێنرێت دەڵێن چ تاوێکی ڕێژا.

ئەرەس و لێلاو و یا لەیلائاو و... هتد هەموو ڕوونن.

کەسرەوی دەڵێ بە هۆی زانستی زمانەوە دەزانین کە مانای ئەم ناوانە چین. ئارونق، مادالان، مایان، ئاسکان، مانیان و مایمان، بەڵام ڕوونیان ناکاتەوە کە لە فارسیدا ئەم ناوانە یانی چی. بە ڕەچەڵەکناسیی وشەکان و یاساکانی گۆڕان و تێکەڵبوون و سوان، زۆر بە ئاسانی مانای ئەم ناوانە دەردەکەون، هەرچەندە هەندێکیان هەر پێویستیان نییە و ئەمڕۆش

له کوردستاندا هەر وەک خۆیان بەکار دەهێنرێن، وەک؛ مادالان نەک مادالان. واتە لانەی مادان، یا لانەی ماران، کە هەردووکیان سەر بە کولتووری کوردین چ وەک ماد و چ وەک مار لە کولتووری میترابیدا. ئاسکان، مایان... هتد.

گەهرام دز، هەر خۆشی دەڵێ گەرمادز، کە لە بنەچەدا گەرمادژە، واتە قەلای گەرم. ئەو وشانەی لە پارسیدا بە پێشگر یا پاشگری "دژ" هەن، هەر هەموو کوردین و کەمترین وشەی واشیان هەیە. مەراغە، کیلاند دژ، دەیلەمان، گارا ڕوود. هەر ئێستا چیای گارە لە باشووری نیشتمان هەیە. دیسانەوە کەسرەوی خۆی دەڵێت هەندێک وشە هەن کە زووترن لە زەمەنی هاتنی ئێرانییەکان بۆ ئەم دەڤەرە. ئەم بۆچوونە ڕاستە و لەگەڵ زۆر بۆچوونی دیکەی خاوەن ڕایان دێتەوە، وەک عەلیۆف، سلاوات گۆلیانۆف. ناوەکانی سەلماس و ئورمیەش کە جۆرە لێکچوونێکیان لەگەڵ ئاشووریدا هەیە، دیسانەوە دەرخەری ڕای ئەو کەسانەن کە کوردان بە خۆجێیی ئەم دەڤەرە دەزانن، نەک کۆچکردوو. ئاشوورییەکان خۆیان بە درێژی باسی هێرش و تالانییەکانی خۆیان لەم دەڤەرە دەکەن و باسی ٣٧ تا ٥٠ میرنشینی ئەم دەڤەرە دەکەن کە چۆن باج و سەرانەیان لێ سەندوون و پێشکەوتنیان لە چ ئاستێکدا بووە. هەر خۆیان باشی شەڕەکانی خۆیان و زامۆکانی ئەم دەڤەرە دەکەن.

عەلیشا لە زەمانی سەفەوییاندا لە کۆڕێکدا بە شێخێکی سۆفیان دەڵێ:

گو حەریفر ژاتە

کە ڕاستەکەی، هەر وەک کەسرەوی دەڵێ، دەبێ "گو حەریفت هاتە" بێت، واتە وریای گۆکردنت بە کە ڕەقیبت هات، یا هاتووە.

ئەم چوارینەیەی خوارەوە دەدەنە پاڵ کەسێ بە ناوی بانو تالبە، کە باخەوانە و تاوی یادی پیری خۆی گرتوویەتی و دەڵێ:

دیرە کین سەر بە سەودای تە کیجە
دیرە کین جەش چوون خونین ئەسرە ڕیجی
دیرە سەر بە ئاستانت تاچە تە دارم
تۆ نەواجی کوور و بەختی چوو کیجە

لە ڕاستیدا هەموو وشەکانی "کیجە" دەشێت "گیجە" بن، هەروەها گۆڕانی پیتی "ک" بۆ "گ" بە ئاسانی ڕوو دەدات و لە زماندا دەبینرێ. "جەش" لێرە بە مانای چاو بەکار هێنراوە کە

دەشێ هەر "چەش" بووبێت، چ بە لوڕی و چ بە گۆرانی، وەک گیجەکە. "ئەسرە" واتە ئەسرین، فرمێسک، "تە" واتە تۆ. "تۆ نەواجی" کە دەشێ "تۆ نەواچی"ی گۆرانی بێت و هەر گۆڕان بێت لە هەردوو فۆرمەکەدا بە ڕەچاوکردنی گۆڕانی پیتەکانی "جە و چە"، هەر وەک دەبینی، سەرتاپا کوردییە و تێکەڵەیەکە لە سێ شێوەزاری کوردیی گۆرانی، لەکی، کرمانجی. چوارینەکە دەڵێ: سەرم لە سەودای تۆ گێجە، چاوم فرمێسکی خوێن دەڕێژێت. سەر بە ئاستانی تۆ دەسپێرم. بۆ خۆت ناڵێی کە بەدبەختم."

شێخ سەفیەدین لە چوارخشتەکییەکدا دەڵێ:
بشتو بەر ئامریەم حاجت ڕەوا بوور
دلم زندە بە نام مستەفا بوور
ئەهرا دوار بوور دام بۆ یار سەر
هەر دوو دەستم بە دامەن مەنەزا بوور

چون هانام بە دەرگای تۆ هانی، سەروەرم ویست ڕەوا ئەکا، داواکانی جێبەجێ کردم. دلم بە ناوی مستەفا زیندوو بکاتەوە. دواڕۆژ لەگەڵ مورتەزاعەلی (عەلی کوڕی ئەبوو تالیب)دا دەبم. لە ڕاستیدا هەر وەک کەسرەوی خۆی دەڵێ، وشەی "بشتو" دەبێ "بۆ تۆ" بێت، واتە هانام بۆ تۆ هاورد. "دامەن" واتە داومەن یا داوێن، وشەی "ئەهرا" بە "سەوا" دیارە، واتە سبەی کە دادوەری بێت و داوەری بووبێت.

یا دەڵێ:
دلەر کوهی سەرئاوند بوور
چوعشقەر جویی کەوریان بەستە نەبوور

یا دەڵێ؛
ئاویانی بەندەیم، ئاویانی خوانم
ئەر ئان بووری بە بەر ئەویان ڕانم

"ئەر" هەر ئەزە، واتە من. واتە بەندەی ئەوم، هانا بۆ ئەو دەبەین. ئەز ئەگەر لێرە ڕوو وەرنەگێڕم، بەرەو ئەویان دەچم.

یا دەڵێ:
ئەزواجم واجەم ئەویان چوون بوور
ئەز بە پیش چوویاران خاکپایم

دەتوانین لەسەر زۆر نموونەی دیکەش بوەستین، وەک ئەمانە و چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەم وشانە.
ئەز، ئەسر، ئەهرا، یا سەوا، "بووری" بە لوڕی واتە وەرە؛ "تە، چە، ژە" واتە خود؛ "ژاتە" واتە هاتە، هاتوو و ژیر.

مەرگ ژیرم، بە میان دەردمەندان بوور
مەرگی ژیریم، واتە کاتێ کە بە هۆشیارییەوە مان و نەمان هەڵدەبژێرم.

کەسرەوی دەڵێ ئەم وشانە فارسین، جا چۆن و بۆ؟ نازانین. "زانیر" واتە زانین و زان، کە هەر لە سەردەمی هوری و سۆمەرییەکانەوە لە کوردیدا هەیە و مانای زانینە. "هەردە" واتە وردە؛ "نوریدیم" واتە نوری دیدەم؛ "بوو پارس" واتە وەرە بپرسە، شەو و ڕۆژ، شەو ڕۆی، "جەس، چەش، چەم" واتە چاو. "تە" واتە یانی تۆ؛ بوم.

کەشفی دەڵێ:
اشەجشمان چمن بردەما
لو تە ز خون دیلیم خوردەما

چاوەکانی تۆ دڵیان بردم و ڕفاندیان. لێوەکانت سووورە بە خوێنی دڵی من، ئێمە. "لو" واتە لێو، وشەی ئاخری "ما" لە دەستخەتەکاندا "تۆ"یە. ئەمەش ڕاستە، چونکە ماناکە وا لێ

دەکات. واتە ئێستە چاوەکانت، چاوەکانی تۆ، دڵیان لە من سەند و برد. لێوەکانت سوورن بە خوێنی دڵی من. "چەمەن" بە هەورامی واتە جە مەن.

ئێسە چاوەکانت جە من دڵی سەند
لێوەکانت خوێنی دڵی منی خوارد

یا

اده ایر وشابال و پرم
ئێستە ئاور لە شاباڵ و پەرمە

یا

شوان یزنزنی ئاو ایرم ئاو
شوان یەزنەزنی ئاو ئاگرم، ئاو

یا

چرا کشفی چە چشمان اوە رەجی
چرا کەشفی جە چاوان ئاو دەڕێژی.
"ئاوە ڕێجی" کوردیی لوڕییە.

یا

کوانین دلبراج شوخان و شنگان
این شوخ و این شنگ ام دای

کوان دڵبەران شۆخ و شەنگ
ئەم شۆخ و ئەو شەنگ ئامەشان

یا

میکری تازە هردم کهنە زخمم

مەگەری هەردەم تازە زەخمی کۆنەم

یا
حال سوته دلان دل سوته زانی
بوران پروانیا باهم سوزیم
حاڵی سووتە دڵان سووتە دڵ زانی
بووران [وەرن] پەروانەیی پێکەوە بسووتێین.

یا
پاره پاره دلی چون شانه دارم
پارە پارە دڵێکی چون شانەم هەیە

اسر خونینه ڕیجان تو چشم
ئەسری خوێنینە (لە خوێن) ئەڕێژن دوو چاوم. "تو" دەبێ دوو بێت، "ڕیجان" ڕشتنە بە کوردیی لەکی.

یا
یقین زانم کەلاوم گیری اوسر
یەقین دەزانم کەلاوم دەگریتە سەر. "گیری وەسەر" واتە دەگریتە سەر.

بە سەدان و بگرە زیاتریش لە سەدان لەم جۆرە نووسین و بابەت و بەیتانە هەن و بەردەستن و بە ڕوونی دەری دەخەن و ڕوونی دەکەنەوە کە ئازەری سەر بە کام زمان و ڕەچەڵەک و کولتوورە.
کەسرەوی کۆنموونەیەک لە زمانی ئازەریی سەردەم، واتە تا ئەو کاتەی ماوە، لە زمانی کەسێکەوە بە ناوی "ئاغای ڕەوایی" دێنێتەوە و هەوڵ دەدات بە پارسی بیانناسێنی. لێکدانەوەکان و ماناکردنیان هەر لە لایەن ئەم ئاغای ڕەواییەوە کراون. ئەم نموونانە دوای هەزاران ساڵ و دوای داگیرکاریی فارس و ئێرانی و کولتووری تورکی و پاکتاوی

سەفەویی دەسەڵاتی ئێرانی، هێشتا وا ماونەتەوە و دەتوانین بڵێین زۆر بە هاسانی ماکی مێژوویی و کولتووریی مادیی خۆیانیان پاراستووە و باقەگەلێکن لە خەرمانگەلێکی زوانی کوردی. لێرەدا ئەو نموونانە دێنین و بەپێی توانا دەیانخەینە بەر باس و بە ڕوونی دەردەکەوێت کە سەر بە چ ڕەچەڵەک و ماڵباتێکی زمانین. ئەم دەقانە بە ڕێنووسی ئەمڕۆی کوردی دەنووسینەوە و هەندێک شرۆڤەیان بۆ دەکەین.

- خەڵخاڵ یەی مەحالکە کو ئامەحالش کە شاهرویە و ماسولە و شاندەرمەن و ماساڵی و تاڵشی یەن.

واتە؛ خەڵخاڵ پێنج ماحاڵە، ناوچەیە، کە بریتین لە شاهرویە و ماسولە و شاندەرمەن و ماساڵ و تاڵش.

وشەکانی مەحاڵ، ناوچە، دەڤەر، هەر ئێستاش لە کوردیدا دەقاودەق وەک خۆیان بەکار دەهێنرێن. "یەی" واتە یەک و کوردیی کەلهووڕییە، "ئامەحاڵش" واتە ئەم مەحاڵانەن.

- هەم کەفشەنین هەم ئاشتەن پیشینە و زوانشان خەم هووردە هەزنیکە هەمە ئەم ماحاڵە.

واتە؛ هاوسا و نزیکی یەکن و بەم بۆنەوە زوانی کۆنی خۆیان پاراستووە.

وشەکانی هەم کەفشەنین، یا هەم کەفشەنا واتە هاوپێڵاو یا هاوپێی یەکن و نزیکن. ئاشتەن واتە دایان ناوە، پاراستوویانە، یا هەشتەن، یا هاوسەن. گۆرانی "شین بۆ سین و سین بۆ شین" لە شێوە ئاخاوتنەکانی باکووری و باشووردا زۆر باوە، وەک: شەمێران، سەمیرم. سینەکانی باکوور لە باشوور دەبنە شین. "زوانشان" واتە زوانیان کە ئەمڕۆش هەر وا بەکار دەهێنرێت. "خەم هووردەن" واتە خەمیان خواردووە؛ "واردەنی" بە هەورامی و گۆرانی واتە خواردن.

- زوان پەهلەوی یا ئازەری کە ئاشتەن تاتی و وەجەن کفژنن و ئین زوان تاڵشی زوانی کو.

واتە؛ بە زوانی ئازەری یا پەهلەوی کە خۆیان پێی دەڵێن تاتی، قسە دەکەن و ئەم زوانە زوانی تاڵشییە.

وشەکانی زوان، ئاشتەن، زوانی تاتی، وەجەن، واچەن؛ "کفژنن" واتە قسە دەکەن، ئێستاش لە کوردیدا ژاکەژاکمان هەر هەیە؛ کو، واتە زوانی کو، کە دەبێت زوانی گۆ بێت، واتە قسەکردن و گۆکردن.

- هویکە هەمەشان تاتی کفژنن

واتە هەر هەمووشیان بە تات قسە دەکەن، هێندە ڕوونە واتاکردنەوەی هەر ناوێت.

- خەم هووردە هەمەجا کودەهاتی کو ژەمیان کوش گوان کوش خانیانکە پیشینە.

واتە: لە هەموو شوێنێک پێشینەی خۆیان پاراستووە، خەمیان لێ خواردووە و ناوی دێهات و چیا و کانیاوەکانی خۆیان بە زمانی خۆیان ناوە.

وشەکانی دێ، کو، کێو، چیا، ژە، خانیانکە، پێ دەچێت کانییەکان بێت و جێگەی پیتی "خ" و "ک" گۆڕابێت، هووردە، خەم هووردە شێوە ئاخاوتنی گۆرانییە و بە واتای خەمخواردن؛ "گوان" کە دەبێت کێوان بێت.

- مەندە نشانداری کە ئین ولایەت ئەهل زوان هەمەئەش تاتی برە کەم کەم میاندە شەر.

واتە: ئەوەی کە ماوەتەوە، نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکی ئەم ولایەتە زمانی هەموویان تاتی بووە و کەم کەم شپرزە بووە.

وشەکانی "مەندەن نشانداری" واتە بۆماوەکان نیشانەیان هەیە؛ "ئین" هەمان ئینەی هەورامییە، "زوانی هەمەئەش" واتە زوانی هەمووشیان.

## هەندێک وشەی ناوچەی هەرزەند

ئاو، نان، جۆ، گەنم، مست (وەک مستەکۆڵە)، ئاسۆ، تۆ، شمە (بە شێوە ئاخاوتنی گۆرانی واتە ئێوە)، ورە، پاس (پاسکردنی سەگ)، کلوو (کلوو کلوو بەفر دەباری)، دەسموڵ وشەیەکی لوڕییە، من و تە هەردووکیان کرمانجین، یەک، دوو، چر واتە چوار، پێنج، شەش، هەشت، نۆ هەمان "نە"ی کرمانجییە، دە، بیست، گو (وەک گفتوگۆ یا بێژە، زمان گۆکردن، کورد دەڵێ زمانت بێتە گۆ، واتە قسە بکە). سەر، دەست، یۆ بە شێوە ئاخاوتنی گۆرانی واتە یەک، پێ، گڕ، کالا، کالاّ، ڕاست و چەپ، تازە، ئاشتەن.

پێم وانییە هیچ کوردێک لە تێگەشتنی ئەم وشانەدا بچووکترین گرفتی هەبێت.

یا وەک ئەم ڕستانە:

- ئەمسو وەرن ورشتە، سیل خەیلی ئامارا گەندومی خروب کردیە.

واتە؛ ئەمشەو باران (واران) فرە وارییە (باریوە)، لافاو فرەیە و هەماری گەنمی خراو کردووە.

وشەکان؛ "وەرن" بە شێوە ئاخاوتنی گۆرانی واتە واران. واران و وەرن واتە باران؛ ئامارا واتە هەمار؛ "کردیە" واتە کردووە، بۆ گۆڕینی سین و شین وتمان وەک هـ و ئـ لە هەمار و ئاماردا: "ئەمسو" واتە ئەمساڵ بە شێوە ئاخاوتنی گۆرانی.

ڕێک ڕستەکە بە کەڵهوڕ دەبێتە ئەمە؛

ئەمساڵ واران فرە وارییە سەیل خەیلی لە هەمارەکان خراو کردیە.

- شو ئشمە تو تو لمش برەتکە زونوسەلا یا نەزنوسەلا؟

واتە ئەمشەو مانگ گیرابوو، ئێژم تۆ زانیت یا نەتزانیبوو؟

وشەکان؛ ئەمشەو، تۆ، زانووسە یا نەزنوسە (زانیبووت یا نەتزانیبوو)، ئوشم (دەڵێم بە کەلهووڕی).

- ئاما هیچ چی نەزنسون.

واتە ئێمە هیچ نازانین. پڕاوپڕ بە تۆزێک دەستکارییەوە دەڵێی ڕستەی ئەم سەردەمەیە.

وشەکان؛ ئاما (ئێمە)، نەزان، "هیچ چی" کە بە مانای شتیش بەکار دەهێنرێت.

یا وەک ئەمە:

- شمە دەرس هوندادا یا نە هونداد؟

واتە ئێوە دەرسەکانتان خوێندووە یا نەتانخوێندووە؟

وشەکان: شمە، (ئێوە بە گۆرانی)، دەرس (وانە)، هوندادا (خوێندووە)، نە هونداد (یا نەخوێندووە). دەڵێی ڕستەی ئەم سەردەمەیە، گۆڕانی هیَ و خێش ئاساییە، کە دەشێت هەر وەندەن و نەوەندەنیش بووبێت.

- تە شین من نان هونیم

واتە: تۆ دانیشە من نان دەخۆم.

- ئیرۆ شیم بازاڕ

واتە: ئەمڕۆ چووم بۆ بازاڕ. سم و شیم و ئیرۆ و ئارۆ هەموویان شێوە ئاخاوتنی گۆرانین.

## تورکە سەلجووقییەکان

بەپێی هەموو بەڵگە و سەرچاوەکان، ئازەربایجان تا سەدەکانی پێش مێژووی هەتاوی و هاتنی ئیسلام، خەڵکی خۆجێیی و بەشێکی یەکانگیری مادی بچووک بووە، هیچ جۆرە تێکەڵاوییەکی بەربڵاویان لەگەڵ تورک و ئەوانی تردا نەبووە. هەر وەک دیارە، مادەکان فەرمانڕەوای تەوای وشکارۆی زاگرۆس بوون و دەسەڵات و سەروەریی تەواویان بەسەر خاک و نیشتمانی خۆیاندا هەبووە، بە تایبەتی ناوچەی پاڵە کە ئازەربایجان یەکێ لە پێنج هەرێمەکەیەتی و بووە. لانی کەم تا سەدەی سەشەمی کۆچی – هەتاوی، زمانی خەڵکی ناوچەکە ئازەری یا وەک مێژوونووسان و زماننناسان دەڵێن، پەهلەویی ئازەری بووە. لە سەدەی پێنجەمی کۆچی و سەرەتای شۆڕشی خەزەکانەوە، تورک لەم ناوچەیە دەردەکەون و پاشان کەم کەم جێگیر دەبن. ئەوەی ڕوونە و بەڵگە دەری دەخات و دەکرێت ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوەیە تورک لە دەڤەری ئازەربایجان تا زەمانی سەلجووقییەکان بوونێکی جێگیریان نەبووە. ئەگەر لەم دەڤەرەش دەرکەوتبن، لە تاقم و دەستەی چەند کەسی و تاک و تووکدا دەرکەوتوون. هاتنی سەلجووقییەکان بۆ ناوچە و سەرزەوینی ماد و وشکارۆی زاگرۆس، لە چرکەساتی سەرکەوتنیانەوەیە بەسەر سوڵتان مەحموود و مەسعوودی غەزنەویدا کە دەبن بە هێز. شیاوە ئاماژە بۆ شەڕی "دندانقان" و سەرکەوتنی سەلجووقییەکان بکەین.

ئەم شەڕە یەکێ لە ڕووداوە گرنگ و چارەنووسسازەکانی زەمان و مێژووی ئەم دەڤەرە و جیهانی ئیسلامە. بەم سەرکەوتنە بوو کە تورکان توانییان بە زۆری و لێشاو لە وشکارۆی زاگرۆس و سوریا و ئێراق و ئاسیای بچووکدا بڵاو ببنەوە و جێگیر ببن، چەندین پاشایەتیی گەورە دروست بکەن و دابمەزرێنن، توانییان لەم دەرفەتەدا دەسەڵات و سەرزەوینەکانی خۆیان بەرفراوان بکەن و بگەن بە ئەوپەڕی ڕووباری دانووب لە ئەورووپا. هەموو ئەوانەی کە ئاگاداری مێژووی دەڤەرەکەن، دەزانن کە تورکەکان هەر لە زەمانی ئەشکانییەکانەوە بە لێشاو تا سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەشکانی و سەرزەمینی مادان هاتوون. ئەم لافاوەی تورکان تەنها لە سنوورەکاندا مانەوە و جێگیر بوون و دەسەڵات و یەکەگەلێکی دەسەڵاتیان بۆ خۆیان ساز دا. ئەشکانییەکان و دواتریش ساسانییەکان بە هێز

و زەبر و دەسەڵاتەوە بەریان گرتن و نەیانتوانی بێنە ناو وڵاتەوە. زەمانێک ساسانییەکان بە هۆی هێرشی ئیسلامەوە تێک شکان و دەسەڵاتی ئیسلام هاتە دەڤەرەکە و جێگیر بوو. لەم سەردەمەشدا بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ بەر بەم تورکانە گیرا و ڕێگەیان نەدان لە جێگەی خۆیاندا بجووڵێن. زەمانێک کە ئیسلام و دەسەڵاتی خەلیفە عەباسییەکان لێک ترازا و کەوتنە لاوازی و زەبوونی و شڵەژاوی و هەڵوەشانەوەوە، دیسان ساسانییەکان بە هێز و دەسەڵاتەوە لەسەر سنوورەکان جێگیر بوون و نەیانهێشت تورکان بێنە پێشەوە. سوڵتان مەحموود و مەسعوودی کوڕی هەر بەم شێوەیە ڕەفتاریان کرد و لەگەڵ تورکاندا جووڵانەوە، هەرچەندە دواتر خۆیان چەند دەستەوتاقێک لە تورکە خەزەکانیان هێنایە ناو سوپاکەی خۆیانەوە. زۆری نەبرد لەم کارەی خۆیان پەشیمان بوونەوە.

زیاتر لە هەزار ساڵ تورکان لەسەر سنوورەکانی وشکارۆی زاگرۆس و وڵاتی ماد چاوەڕوان بوون و خۆیان بۆ دەرفەتی گونجاو مەڵاس دابوو. لەم ماوە زۆرەدا ژمارەی ئەم تورکانە یەکجار زۆر بووبوو. شەپۆل شەپۆل تورکانی دیکە کۆچیان کردبوو و گەشتبوون بەم تورکانەی سنوورەکان. کاتێ کە توغرول بەگ و براکانی لە ساڵی ٤٣١دا سوڵتان مەسعوودیان کوشت و دەستیان بەسەر خۆراساندا گرت، فەرمانڕەواییەکیان بۆ خۆیان دروست کرد. بەم شێوەیە، ڕێگە بۆ هاتنەناوەوەی تورکان کرایەوە و هەموار بوو. تورکان بە لێشاو و فراوانی ڕژانە ناو سەرزەوینەکانی مادەوە. جگە لەم لێشاوە تورکە، ژمارەیەکی یەکجار فراوانی تورک کە پێک هاتبوو لە سوپای توغرول و براکانی، هاتبوونە ناو ئەم سەرزەوینەوە. لەم ساتەوە، ئیتر تورکان کۆچیان دەکرد، بێپسانەوە وەک لافاو دەهاتن و دەڕژانە سەرزەوینی مادەوە، بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەوە و لە ماوەی کەمتر لە بیست ساڵدا توانییان بە زۆربەی خاکی ماددا بڵاو ببنەوە و هەندێکیان بەرەو ئێراق کشان.

ئیبن ئەسیر بە وردی باسی هاتنی سەلجووقییەکان و کاریگەرییان و چۆنێتیی گۆڕینی دۆخی دنیای ئیسلام دەکات، کە چۆن کۆی ئەم دۆخە و پەیوەندییەکان و پێکهاتەکان گۆڕان. لە هەموو شوێنێک کاروبار کەوتە دەست تورکان. ئیبن ئەسیر لە ساڵی ٤٢٥ی کۆچیدا وا دەڵێت؛ لەو ساڵەدا دەهەزار خێوەت و ڕەشماڵ لە تورکان، کە هەمیشە پەلاماری سەرزەمینەکانی کاشمەر و بلاساغونیان دەدا و تالانیان دەکرد، بوون بە ئیسلام و لە جەژنی قورباندا بیستهەزار مەڕیان سەربڕی. ئەم هۆزانە پێشتر چون ئیسلام نەبوون،

ناچار بوون خۆیان لە زەبری ئیسلام بپارێزن و دوور بخەنەوە، بەڵام چون بووبوونە ئیسلام، ئیتر بە ئازادی و سەربەستانە بەرەو هەر لایەک لە جیهانی ئیسلامدا دەیانویست، دەچوون (ئەم ژمارە زۆرەی قوربانی و تورک زۆرە و جێگەی گومانە). هەر ئەو دەڵێت ساڵی ٤٤٠، ئەمساڵ، ژمارەیەکی یەکجار زۆری تورکانی خەزی (ماوەرائولنەهر) هاتن بۆ لای "ئیبراهیم نیال"ی زڕبرای توغرول و فەرماندەی جەرگەی سەرزەوینی ماد، واتە، هەمەدان و ڕەی. ئیبراهیم پێی وتن ئەم سەرزەوینە و وڵاتی فەرمانڕەوایی من جێگەی ئێوەی تێدا نابێتەوە و ناتوانێ خواردن و ڕزقوڕۆزیی ئێوە بدات، باشتر وایە بەرەو ئازەربایجان و ئاسیای بچووک برۆن، لەگەڵ کافراندا بەشەڕ بێن و لە ڕێگەی خوا و لەپێناویدا خەبات بکەن.

ئیبن بیبی دەنووسێت چون سلێمان شای کوڕی تەتەلمیشیان ناردبوو بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆمدا لە ئاسیای بچووک، سەدوبیست هەزار بنەماڵەی تورک لە تورکستانەوە هاتبوونە ناو سوپاکەیەوە. بەپێی فاکت و دەقی کتێبەکان، دەردەکەوێت لە زەمانی سەلجووقییەکاندا تورکەکان بە شەپۆلی گەورەگەورە ڕژانە سەرزەوینی زاگرۆس و مادەوە، ئەمە ڕاستییەکە کە مێژوو بە ڕاشکاوی پشتڕاستی دەکاتەوە. ڕوونە کە جگە لە پادشایەتییەکی گەورە کە توغروڵ و براکانی لە ئێراق و ئێراندا دایان مەزراند، لەو کارە گەورە و مەزنانەشی کە کردیان، ئەوە بوو پادشایەتییەکیشیان لە ڕۆم بە ناوی سەلجووقییانی ڕۆم دامەزراند، کە ئەویش دەوڵەتێکی گەورە و بەهێز بوو و شوێنی خۆی لە مێژوودا کردەوە. دوای مردنی مەلەکشا، لە شامیش پاشایەتییەکی دیکەیان دامەزراند. دوای ئەوان، زەمانی ئەتابەکان دێت کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتن و سەریان هەڵدا. دوایی خوارەزم شایان هاتن و دواتریش مەغۆلەکان و قەرەقۆینلووەکان و ئاققۆینلووەکان هاتن. پاشان عوسمانییەکان لە ئاسیای بچووک دەرکەوتن کە کۆکارێکی مەزن و گەورەیان کرد، هەموو ئەمانە کە بە دەستی تورکان کران، نیشانی دەدەن کە تورکان چ ئاپۆرە و حەشیمەتێکی زۆر و فراوانی لە ڕادەبەدەر بوون لە ناوچەکە و زاگرۆس و ماد و دەوروبەردا.

ڕاستە وەک مێژوو دەڵێت و کۆی فاکتەکانیش پشتڕاستی دەکەنەوە، ڕێگەی هاتن و کۆچی بەلێشاوی تورکانی خەز بۆ ئەم هەرێمانە، لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا کرایەوە و هەموار بوو، بەڵام زووتر کۆمەڵێک لەم تورکانە هاتبوونە وشکارۆی زاگرۆس و سەرزەوینی مادەوە و خۆیان گەیاندبووە ئازەربایجان. بەو پێیەی کاتێ سوڵتان مەحموود

چوو بۆ ماوەرائولنەهر (سەرزەوینێک کە دەکەوێتە نێوان دوو ڕووباری سەیحوون و جەیحوونەوە، یا ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر و ڕۆژئاوای وڵاتی چین) تاقمێک تورکی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە وەک دەڵێن، ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا هەزار کەس. ئەمانەی لە خۆراسان جێگیر کرد. ئەم تورکانە پاش ماوەیەک تاقمێکیان لێ جیا بووەوە کە لە ڕێگەی کرمانەوە ویستیان خۆیان بگەیەننە ئەسفەهان، چون مەحموود نامەیەکی نارد بۆ فەرمانڕەوای ئەسفەهان عەلائودەولە و داوای لێ کرد کە یا ئەو تورکانە بگەڕێنێتەوە، یا بیانکوژێت و سەرەکانیان بۆ ئەو بنێرێتەوە. عەلائودەولە ویستی بە فێڵ و دەهۆ بیانخاتە ناو داوەکە و قەلاچۆیان بکات، بەڵام تورکەکان زانییان و خۆیان لەم داوە لادا و لە ئەسفەهان دەرچوون. بە تالآن و برۆ و چەتەیی خۆیان گەیاندە ئازەربایجان و دەشێت بڵێین ئەمە یەکەم تاقمی تورکان بوون کە گەشتنە وڵاتی ئازەربایجان.

## ئازەربایجان، میرنشینێکی ڕەوادی

میر مەمەلان یەکێ لە مەزنترین و بەناوبانگترین میری ڕەوادییەکان بووە. مەمەلان دوو جاران بە سوپاوە هێرشی کردووەتە سەر ئەرمەنستان. شەڕەکانی مەمەلان تەنها لەگەڵ ئەرمەنەکان نەبووە، بەڵکو لەگەڵ ڕۆمییەکان و هەموو تەرساکانیشدا بووە، گوایە هەردوو هێرشەکەی ئەمیر مەمەلان بۆ سەر ئەرمەنستان بە ناوی دینەوە بووە. لەم شەڕانەدا خۆراسانییەکانیش هاوکار و یارمەتیدەری بوون. لە شیعرەکانی قەتراندا دیارە کە یەکێ لە مەزنترین و بەناوبانگترین میری ڕەوادی بووە و فەرمانڕەوایی بەسەر سەرزەوینێکی بەرفراوان و گەورەدا کردووە. قەتران لە ستایشێکدا کە بۆ ئەمیر "وهسودان"ی کوڕی مەمەلان و ئەمیر ئەبولحەسەنی شەدادی وتوویەتی، دەڵێت:

یەکێ بگریت وەها کە بووی مەمەلان
یەکێ بگرێت وەها کە بووی فەزلون

شەڕی یەکەم لە ساڵی ٣٨٠ی کۆچیدا بووە، کە داود ناوێکی پاشای ئەرمەنستان، شاری مەلازگرد دەگرێ و موسڵمانانی دەردەکات. بۆ ئەستاندنەوە و قەرەبوو، ئەم شەڕەی کردووە. شەڕی دووەم ساڵی ٣٨٨ بووە، بە قسەی مێژوونووسان، ئەم جارە سوپایەکی گەورە و فراوانتری لەگەڵ خۆیدا بردووە کە مادەکان و پارسەکانیشی لەگەڵدا بوون. وا دیارە مەمەلان دوای شەڕی یەکەم داوای یارمەتیی لە هەموو لایەک کردووە و یارمەتییشی بۆ هاتووە و بە ناوی جیهادەوە سوپاکەی کۆ کردووەتەوە. دەخوازێ هەموو ئەرمەنستان و گورجستان بگرێ و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دوای ئەم دوو شەڕە ناکامە، چیتر ناوێک لە وهسودان نییە تا ساڵی ٤٢٠، کە ئیبن ئەسیر باسی وهسودان دەکاتەوە.

ئەبوو مەنسوور وهسودان کوڕی مەمەلان، دوای باوکی دەبێتە پادشا. ساتی مردنی مەمەلان نادیارە. ئیبن ئەسیر لە ساڵی ٤٢٠ی کۆچیدا ناوی وهسودان دێنێ و دەڵێ پادشای ئازەربایجان بووە، بەڵام وەک دیارە، وهسودان ساڵی ٤١٠ پادشای ئازەربایجان بووە و لە کاتی هاتنی تورکانی خەزدا ئەمە بە ڕوونی دیارە. ئەم وهسودانە بەناوبانگترین پادشای

ڕەوادییەکانە. لە دەقە عەرەبی و پارسییەکاندا بە فراوانی ناوی هاتووە؛ جگە لەمانەش، شاعیرێکی وەک قەتران لە شەست قەسیدەدا ستایشی خۆی و کوڕان وماڵباتەکەی دەکات. لەسەر ناوی وهسودان، بۆچوون و ڕای جیاواز هەیە، کە بە "وهستودان" ناویان هێناوە، بەڵام لە زۆربەی بەڵگەکان و لە شیعرەکانی قەتراندا، هەر وهسودان هاتووە. ئەم ناوە دەشێت لە بنەڕەتدا "وهسودان نەک، وهستودان" بووبێت. وەک ئەوەی کەسرەوییش دەڵێت، ئەلف و دالەکەی پاشگر بۆ ناوەکە زیاد کراوە، کەوابێت، دەبێ ناوەکە "وهسو یا وەهسوو" بووبێت. یا ڕاسترەکەی، دەبێ ئەم ناوە لە بنەڕەتدا "یوسف" بووبێت و لە کوردیدا و لە وتن و ئارداوێژ (شێوەدوان)ی کوردیدا سوابێت و بووبێتە "وێسو" یا "وسو". ئەم سوان و سووککردنە لە زمانی کوردیدا بە فراوانی هەیە و دەبینرێت، بە تایبەتی بۆ ناوە ناکوردییەکان. عومەر دەبێتە هۆمەر و محەمەد دەبێتە مەمەد و... هتد. نموونەی ئەم جۆرە ناوانە و گۆڕانیان لە مێژووی ئێمەدا زۆرن، وەک گۆڕانی ناوی گۆرانیچڕی بەناوبانگی دەرباری ئەردەڵان "یوسف ئاسکە" بە وێسو ئاسکە. هەروەها ناوی وسو لە کوردیدا زۆرن کە بە ناوی مام وسو بانگ دەکرێن کە کورتکراوەی یوسفە. وسودانیان بە ناوی ئەمیر ئەجەل ناو هێناوە. ناسر خەسرەوی قوبادیانیی شاعیری بەناوبانگ لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەڵێت:

"لە وتار و مزگەوتەکاندا بە ناوی ئەمیری ئەجەل شمشێری دەوڵەت و شەرەف ئەمیری مەنسوور وهسودانی کوڕی محەمەد" ناویان دەهێنا. ئەم نازناوە لە شیعرەکانی قەترانیشدا فراوان بەکار هێنراوە.

یەکێ لە ڕووداوە گەورەکانی دەورانی وهسودان، هاتنی تورکانی خەز یا تورکەکانی ئێراقە بۆ ئازەربایجان. ئەم ڕووداوە بۆ ئازەربایجان یەکجار گرنگ و مێژوویی و بنەماییە، هەرچەند بۆ کۆی ئێرانیش گرنگە. دیارترین زەمانی هاتنی تورکەکان بۆ ئەم دەڤەرە، کاتی هاتنی سەلجووقییەکانە، بەڵام تاقمی خەزەکان پێش هاتنی توغرول و براکانی، لە دەڤەرەکەدا بوون و بڵاوەیان کردبوو. تا ئەو شوێنەی مێژوو بە ڕوونی دەری دەخات، یەکەم هۆزی تورکن کە هاتوونەتە خۆراسان و پێش ئەمان ئەگەر تورکێ لەم سەرزەوینەدا بووبێت، لەوبەری ڕووباری سەیحوون و لە خۆراسان و خوارەزم بوون. ئەم هۆزەش لە خەزەکانی سەلجووقی بوون، بەڵام چون کاتی خۆی لەو دەڤەرانەدا بوون کە بە ئێراق ناوزەد دەکرا، پێیان دەڵێن ئێراقی. ئیبن ئەسیریش ئەوان هەر بەم ناوەوە دەناسێت. ئەم

تورکانه له تورک و هۆزەکانی هاوڕای توغرول جیان، ئەمانە کاتی خۆی سوڵتان مەحموود هێنابوونی بۆ خۆراسان. بەیهەقییش هەر هەمان ڕای هەیە. وا دیارە کە مەحموود پێش ساڵی ٣٩٦ ئەم تورکانەی هێناوە بۆ خۆراسان.

سوڵتان مەحموود ئەمانە بۆ جێگیرکردن لە سنوورەکانی خۆراسان دێنێ و لەوێش جێگیر دەبن. ماوەیەکی زۆر فەرمانبەر و گوێڕایەڵ دەبن، بەڵام پاشماوەیەک هەڵدەگەڕێنەوە و دەست دەکەن بە شەڕ و هەرا و لەگەڵ سوپای مەحموودا دەکەونە شەڕەوە. ئیتر پەرشوبڵاو دەبنەوە و تاقم تاقم لە ئێراق و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دیاربەکر بڵاوە دەکەن، هەرچەندە ڕەنگە نزیکەی پەنجاهەزار کەسێک بووبن، بەڵام وەک زەویلەرزە قاو و لەرزە دەخەنە ناوچەکان و پیشەیان دەبێت بە تاڵان و وێرانی و چەتەیی و چەپاوڵ. هەر وەک باس کرا، لەبارەی یەکەم کۆچی خەزانەوە بۆ ئازەربایجان، ئیبن ئەسیر دەڵێ کاتێ کە مەحموود تورکانی خەزانی هانی، دەستوپێوەندەکەی مەحموود کەوتنە ئازار و ئەزێتکردنی ئەم خەزانە و ئازاری زۆریان دان، بۆیە ناچار بوون هەڵبێن و ڕوو بکەنە کرمان و لەوێشەوە بۆ ئەسفەهان. مەحموود نامە بۆ عەلائولدەولە دەنێرێ و ئەوانیش هەڵدێن و بەرەو ئازەربایجان دەکشێن. ئەمانە کە بەرەو ئازەربایجان دێن، ئەمیر وهسودان ڕێگەیان دەکاتەوە و بەریان ناگرێت.

## دەستەی دووەمی خەزان بەرەو ئازەربایجان

وەک دەڵێن، دوای کرانەوەی قەڵای "تەیرک" و لە سەرەتای ساڵی ٣٢٩ی کۆچیدا، خەزان دوو بەش بوون. بەشێکیان لەوێ مابوونەوە و سەرکردەکەیان "قزل" ناوێک بووە. بە واتای ئیبن ئەسیر، ئەمانە نزیکەی هەزار و پێنجسەد کەسێک بوون. بەشێکی دیکەیان کە زۆر زۆر بوون و سەرکردەکانیان بریتی بوون لە "بوقا و کوکتا و مەنسوور و دانا و... هتد"، بەرەو ئازەربایجان کشان و خۆیان گەیاندە ئەمیر وهسودان. وهسودان ئەمانەشی گرتە خۆی و لە ئازەربایجان جێگەی کردنەوە. جگە لەوەی کە وهسودان دەیویست بە کەڵکوەرگرتن لەمانە بەسەر نەیار و دوژمنەکانیدا زاڵ ببێت (*دوژمنەکانی کێن؟ خزمان و ئەمیرانی شەدادی و فەرمانڕەوایانی ئاران و کوردانی هەزبانی و خوشکەزای خۆی؟*) ئەم ژمارە زۆرەی خەز و دەرکردنیان لە ئازەربایجان، بە ڕاستی دژوار و تا ڕادەیەکیش ئاسان نەبوو. هەر جۆرێک بێت، ئەم خەزانەش هەر دەستەوتاقمێکیان لە ئازەربایجاندا جێگیر بوون و جێگەی خۆیان کردەوە. هەر وەک خووی هەمیشەیی و پیشەی خۆیان، پەلاماری سەرزەمینی ئەرمەنستان و شوێنەکانی دیکەیان دا و دەستیان کرد بە تاڵان و چەپاوڵ و چەتەیی.

ئیبن ئەسیر ماچۆ وهسودان کچێکی لەم خەزانە خواست و کردی بە هاوسەری خۆی، تا بەڵکو بەم شێوەیە ئەم هۆزانە ئارام و ڕام بکات، بەڵام خەزان بە هیچ جۆر و شێوەیەک ئارام نەدەبوونەوە. ژیانی ئارام و ئاشتییان نەدەناسی. بێپسانەوە سەرقاڵی تاڵان و چەپاوڵ و کوشتن بوون. هەر لەو ساڵەدا بوو، واتە ساڵی ٣٢٩، کە پەلاماری شاری مەراغە (ماران، یا مادئاوا)یان دا و خەڵکی ئەو دەڤەرە و کوردە هەزبانییە گوندنشینەکانیان کرد بە ئامانجی تاڵان و کوشتنی خۆیان، گوند و شاریان وێران کرد و خەڵکێکی یەکجار زۆریان کوشت، بە جۆرێ خەڵکەکەیان قەڵاچۆ کرد و مزگەوتی نوێژی هەینیی شاریان سووتاند. تاقمێک لەمانە کە لە ورمێ بوون، پەلاماری کوردستان، واتە موکریان و باکووری کوردستانیان دا و لەوێشەوە بەرەو ئازەربایجان. درێغییان لە کوشتن و تاڵان و بڕۆ و وێرانی نەکرد، ئەوەی بۆیان کرا و پێیان کرا، کردیان. ماوەیەکی زۆر خەڵکیان بە دیل گرت و چەپاوڵ و دەسکەوتێکی یەکجار زۆریان بوو. لە هۆنراوەکانی قەتراندا دیارە کە یەکێ لە

سەرکردەکانی ئەم خەزانە خۆی و هۆزەکەشی لایەنگر و فەرمانبەرداری وهسودان بوون. قەتران ئەم سەرۆکهۆزە خەزە بە ناوی پادشای خەزان ناو دێنێ. گریمانە ئەوەیە کە ئەم هۆز و سەرۆکهۆزەی خەزان هەر ئەوانە بن کە وهسودان ژنی لێ خواستوون.

## دەرپەڕاندنی خەزان لە ئازەربایجان

زوڵم و دەستدرێژی و تالان و چەپاوڵ و کوشتار لەسەر دەستی خەزان گەشتە هەموو شوێنێک و خەڵکی وە زاڵە هانی. خەڵک قەڵس بوون، هاواریان بەرز کردەوە و جمان. وهسودان و ئەبولهەجای کوڕی ڕیب ئەلدەولە، کە خوشکەزای وهسودان خۆی بوو، هەروەها ئەمیری کوردانی هەزبانی بوو، دەستی هاوکاری و یەکێتییان بۆ یەکتر درێژ کرد و بڕیاریان دا دەرسێکی مەزن و لەبیرنەکراو بەم تورکە خەزانە بدەن و لە ئازەربایجان دەریان بپەڕێنن. تا ئەم کاتەش وهسودان هەر پاڵپشتیی ئەم تورکانەی دەکرد، بەڵام ئیتر بێزار و بێتاقەتیان کرد و بڕیاری لێدانی دان. خەڵک بە گشتی لە هەموو شوێنێکەوە ڕاپەڕین و شەڕ دژی خەزان دەستی پێ کرد، بە تایبەتی لە دەروبەری ورمێ و موکریان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەرسێکی یەکجار لەبیرنەکراو و مەزنیان بە تورکان دا و بە واتای ئیبن ئەسیر، کوشتارێکی بەرچاو و فرەیان لێیان کرد.

قەتران ئێژێ:

به تیری سەرکێشی هەوەسی شەڕی تۆیان کرد
جوامێرانە تیرەکانت گەڕاندەوە بۆ جەستەی خۆیان
هەر کە تۆ سێبەری کەسایەتیی خۆت لەسەریان لادا
سەیرکەن گەردوون چی بەسەریان هانی

یا دەڵێ:

یەزدان شێوەیساڵی نوێ و تفاق و دەزگای تازەیە
بە شادی دانیشە و خەمی دڵ لە دڵ دەرکە

لەم بەیتەدا دیارە کە کاتی شەڕی وهسودان و تورکان، وەرزی بەهار و نەورۆز بووە، کە ئەم تورکانە لێیان دراوە و لە ئازەربایجان دەرکراون.

دیسانەوە هەر ئیبن ئەسیر ماچۆ لە ساڵی ٤٣٠دا تاقمگەلێک لە خەزان و تورکان لە ئازەربایجان بە ناچاری دەردەچن و ڕوو دەکەنە دەڤەرەکانی ڕەی و هەمەدان و قەزوین،

بەڵام هێشتا هەندێکیان هەر لە ئازەربایجان دەمێننەوە. ئەوانەی کە مانەوە، پێ دەچێت هەر ئەو هۆز و تورکانە بن کە فەرمانبەرداری ئەمیر وهسودان بوون و ژنی لێ خواستوون. ئەمانەش دیسان ئارام ناگرن و پاش ماوەیەک دەست دەکەن بە تاڵانکردن و هەڵگیرساندنەوەی شەڕ و کوشتاری خەڵک. ئیبن ئەسیر دەڵێ هەر ئەو ساڵانە ئیتر نەیانتوانی لە ئازەربایجان دانیشن و بەرەو جزیرە و دیاربەکر کۆچیان کرد.

## جارێکی دیکه هاتنی خەزان

ئەو خەزە تورکانە دیسان لە دیاربەکر و جزیرەش دانەساکان و دەستیان کرد بە تاڵان و چەتەیی و ڕاووڕووت و کوشتنی خەڵک، ئەمەش ڕووبەڕووی شەڕ و بەرهەڵستکاریی کردنەوە. ئەمیر نەسرئەلدەولەی مەروانی کە ئەمیری ئەو دەڤەرانە بوو، لەگەڵیاندا بە شەڕ هات، هەروەها ئەمیر قرواش عەقیلی، کە فەرمانڕەوای موسڵ بوو، لە بەرامبەریاندا وەستا. تورکان هەموو سەرزەوینەکانی دیاربەکر و موسڵ و ئەو دەڤەرانەیان وێران و چەپاوڵ کرد. ئیبن ئەسیر بە وردی باسی ئەم شێرانە و ئەو ئەمیرانە دەکات. کوشتن و تاڵان کۆتایی نەدەهات، ئەمیر قرواش هەڵهات و لە ساڵی ٤٣٥ی کۆچیدا هێرش لە دوای هێرش بردیانە سەر ئەرمەنستانیش. ئەوەندەیان کوشت و تاڵان کرد کە جەلالولدەولەی دەیلەمی کە ئەوکات ئەمیری ئەمیرانی خەلیفەی بەغداد بوو، نامەیەکی بۆ توغرولی سەلجووقی نارد و هانای بۆ ئەو برد. توغروڵ لە وەڵامدا وتی بە زوویی خۆم دێم و سەگ بە حەوشەیەکی شیاویان پێ دەکەم. ئەمیر قرواش کە لەو دەڤەرە هەڵهاتبوو، ساڵی ٤٣٥ بە سوپایەکی فراوانەوە و بە هاوکاریی کوردان لەگەڵ تورکاندا کەوتنە شەڕێکی یەکجار سەخت و دژوارەوە، تورکان خۆیان نەگرت و شکانی گەورە و گرانیان بەسەردا هات و زۆریان لێ کوژرا. سێ فەرماندەی تورکان کوژران و باقی هەڵهاتن و بەرەو نەسیبین چوون. دوایان کەوتن و تا ئەوێ ڕاویان نان و لێیان کوشتن. ئەمیر کاتێ گەڕایەوە، هەواڵی ئەم سەرکەوتنەی بە هەموو هەرێمەکاندا ڕاگەیاند و بڵاو کردەوە. شاعیران و نووسەران چەندین و چەند بەیت و چەکامە و هۆنراوەیان بۆ ئەم سەرکەوتنە هۆنییەوە. ئەم خەزە شکاوانە ڕوویان کردە ئەرمەنستان کە ئەو کاتە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمییەکاندا بوو، دواتر جارێکی تر لەوێوە بەرەو ئازەربایجان هاتنەوە و ئیتر هیچ ناوێکیان نییە و نادیار مانەوە.

## سەفەری ئەمیر وهسودان

بە هۆنراوەکانی قەتراندا دیارە کە لە نێوان ئەمیر وهسودان و ئەمیر ئەبوولحەسەن عەلی لەشکری شەدادیدا کە ساڵی ٤٢٥ی کۆچی فەرمانڕەوای ئاران بووە، دوژمنایەتی و دڵڕەنجان و ناخۆشی هەبووە (دوو میری کورد و دوو میرنشینی کوردیی فەرمانڕەوای ئازەربایجان و ئاران (ئاران، ئالبانی، یا ئازەبایجانی باشووری هەنووکە)).
هۆنراوەیەکی قەتران بەردەستە کە کاتی سەفەری وهسودان بۆ گەنجە و دیداری لەگەڵ ئەبوولحەسەندا وتوویەتی. قەتران لەم هۆنراوەیەدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم سەفەرە بۆ ئاشتی و ئاشتەوایی و نەمانی ئەو ڕەنجان و ڕقەی نێوانیان بووە. مێژووی ئەم سەفەرە بە ڕوونی و وردی دیار نییە، بەڵام هەر لەبەر ڕۆشنایی هۆنراوەکەی قەتراندا، کە کاتی سەفەرەکەی وهسودان خۆی لە گەنجە بووە و دوایی هاتووەتەوە تەورێز و دواتریش لە زەمانی ئەبوولحەسەندا دیسان سەفەری کردووەتەوە بۆ گەنجە، وا دەردەکەوێت سەفەرەکەی وهسودان پێش هاتنەوەی قەتران بووە بۆ تەورێز. لەولاشەوە ڕوونە کە قەتران پێش زەوینلەرزەکەی تەورێز لە ساڵی ٤٣٤ی کۆچیدا، بە چەند ساڵ پێشتر هاتووەتەوە بۆ تەورێز. ئەم ڕاستییانە لەم هۆنراوەیەدا دیارن و دەشزانین کە ئەبوولحەسەن ساڵی ٤٢٥ فەرمانڕەوای گەنجە و ئاران بووە، بەم پێیە، سەفەرەکەی وهسودان دەبێ لە نێوان ساڵانی ٤٢٧ – ٤٣٢دا بووبێت.

چەند بەیتی هۆنراوەکەی قەتران:
ئێستا کە دوو خەسرەو پێک گەشتوون
ئێستا دوو هەستێرە پێک گەشتوون
دوو شەهریاری قەدیم و دوو قەدیم
سەری ئەو دوو خەسرەوە سەرکەوتووە پیرۆزن

یا دەڵێ
ئەمیر ئەبوولحەسەن و شەهریار ئەبوو مەنسوور

که سەرفەراز و چاک دین هەم ئەم هەم ئەو
یەکی لە گەوهەردا شەداد و دراون سامان
یەکی بنەچە ڕەواد و فراوان زەوین
یەکێ بگریت وەها کە بووی مەمەلان
یەکێ بگرێت وەها کە بووی فەزلون

## شەڕی وهسودان لەگەڵ سەرداری وغان (یا موغان)دا

یەک لە ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی وهسودان، شەڕی موغانە. وهسودان لەگەڵ سەرداری موغاندا بە شەڕ هات و بەسەریاندا سەرکەوت. ئەم موغانە خەڵکانی ئازا و دلێر و جەنگاوەرانی چاونەترسی چیایی و گوندنشین بوون کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئیسلامیان قبووڵ نەکرد، خەڵکی ڕەسەنی ئازەربایجان و جەماوەری ڕەسەنی دەڤەرەکە بوون. *لە زۆر دەق و شوێن و کتێباندا لەمەڕ وغانەوە وەک تایفەیەکی کورد و یەکێ لە هۆزە مادەکان، زۆر شتمان بۆ هاتووە و نووسراوە، هەر لە مێژوونووسانی یۆنانی و ئەرمەنی و ڕووسی و عەرەب و... هتد. ئەم ناوە هەندێک جار بە ماگان و ماگا و ماگاوی بەکار هێنراوە، کە پێ دەچێت "ماچا و ماچاوێ"ی هەورامی بێت وەک بێژە و وتاربێژ، چونکە ئەم موغانە پێشڕەوی دین و مینبەرەکانی ئاینی زەردەشتی بوون. وا دیارە ئەمانە کە وهسودان چووەتە شەڕیان، هەر ئەو کەس و کوردە ڕەسەنە چیاییانە بن.* ئەم جەماوەرە سەربەست و ئازاد و سەرکردە و ئەمیر و دەسەڵاتی خۆیان هەبوو. بە واتای ئیبن خوردابە، سەرکردەکەیان کەسێک بووە بە ناوی "شاکلە"، *کە لە ڕاستیدا ناوەکە دەبێت شاکە بێت و لە کوردیدا ئەم ناوە بە فراوانی بەکار دەهێنرێت و بە مانای شای خۆشەویست یا شاچکۆلە دێت.* لەم شەڕەدا وهسودان بەسەریاندا سەردەکەوێت و دەیانشکێنێ.

## هاتنی توغرولی سەلجووقی و چارەنووسی وهسودان

توغرول و براکانی، دوای سەرکەوتنیان بەسەر سوڵتان مەسعوودی غەزنەویدا لە دەڤەری خۆراسان، دەستیان گرت بەسەر ناوچەکانی ڕەی و هەمەدان و ئەسفەهان و وزنەگان و نەیشاپووردا. دەسەڵاتی خۆیان قایم کرد و فەرمانڕەوایی خۆیان دامەزراند، بەڵام تا ساڵی ٤٤٦، ئازەربایجان هەر دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆ و سەربەست بوو. دیار نییە لەم ماوەیەدا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەوان و ئەم ناوچەیەدا هەبووە و لە کەیەوە فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی ئەوانی قبووڵ کردووە؛ چون تا ئەم کاتەش، ئازەربایجان سەربەخۆ و سەربەست بووە. هەرچەندە ئیبن ئەسیر دەڵێ لە زەمانی زەوینلەرزەی تەورێزدا وهسودان دڵ لە دوا و نیگەرانی هاتن و بوونی تورکان و توغرول بووە، کە پەلاماری ئازەربایجان بدەن. ڕوون نییە لەم ماوەیەدا هیچ نامەگۆڕینەوە و قسە و باسێکیان لە نێواندا بووە یان نا. ساڵی ٤٤٦ توغرول بەبێ شەڕ و بەرگیری دەچێتە ئازەربایجان. ڕەنگە پێشتر وهسودان ددانی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی توغرولدا نابێت.

ئیبن ئەسیر دەڵێ کاتێ توغرول چوو بۆ ئازەربایجان و بەرەو تەورێز جما، ئەبوو مەنسوور وهسودان فەرمانڕەوایی قبووڵ کرد و پێملی دەسەڵاتی ئەو بوو. بڕیاری دا ئیتر وتاری هەینییان بە ناوی ئەوەوە بخوێنرێتەوە. توغرول لە پارە و داواکاری هەرچیی ویست، وهسودان بۆی ئامادە کرد و دواتریش کوڕەکەی خۆی وەک بارمتە و ئەرخەیانی سپاردە دەست توغرول. لەم کاتەوە چیتر هیچ هەواڵێکی وهسودان نییە تا ئەو کاتەی کە ئیبن ئەسیر دەڵێ لە ساڵی ٤٥٠دا توغرول مەمەلانی کوڕی وهسودان دەکاتە ئەمیری ئازەربایجان و لە جێگەی باوکی فەرمانڕەوایی دەکات و دەبێتە ئەمیری ئازەربایجان. بەم پێیە، دیارە کە وهسودان تا کاتێ دەمرێ، هەر ئەمیری ئازەربایجان بووە. سەیر ئەوەیە لە هۆنراوەکانی قەتراندا هیچ پرسەنامە و چەمرێ بۆ مەرگ و لەدنیادەرچوونی وهسودان نییە، دیارە کە قەتران ساڵانێک دوای وهسودان هەر لە ژیاندا بووە، بەڵام دەیان پارچە بۆ پیاهەڵدانی کوڕان و کەسوکاری وهسودان و ئەوانی تر هەیە.

## ئەبوو نەسر مەمەلان

تا ئەو شوێنەی بە ڕوونی دیارە و مێژوو دەیسەلمێنێ، وهسودان سێ کوڕی هەبووە. یەکەم ئەبوو نەسر مەمەلان، دووەم ئەبوولهیجا مەنووچەر. سێیەم ئەبوولقاسم عەبدوڵا. قەتران هەندێک قەسیدە و هۆنراوەی بۆ مەمەلان و مەنووچەر هەیە. لە چەند دانە شیعرێک و لە قەسیدەیەکیدا باسی عەبدوڵاش دەکات و ناوی دێنێ. مەمەلان بەناوبانگترین و ناسراوترین کوری وهسودانە. لە زەمانی باوکیدا ڕاوێژکار و کاربەدەستی جێگری باوکی بووە. قەتران لە هۆنراوەیەکدا ئاوەها باسی دەکات:

لە دەوڵەتی تۆدا هەموو فرمانێکی چاک ڕاپەڕاند

مەمەلان شادی ڕۆحت مەزنە کوڕت مەمەلان

ئەم بەیتە بۆ وهسودان و ستایشی مەمەلانی کوڕیەتی لە زەمانی مەمەلان خۆیدا. قەتران بۆ مەمەلان خۆشی دەڵێت:

تۆ ڕاوێژکار و فەرمانبەری خەسرەوی

جیهان فرە دەبەخشێ بە تۆ ڕاوێژکار

هەر وەک باسمان کرد و دیسان بە واتای ئیبن ئەسیر، مەمەلان ساڵی ٤٥٠ی کۆچی دەبێتە ئەمیری ئازەربایجان، ئیتر شتێکی هێندە زۆر لەبارەیەوە نازانین. هەرچەندە قەتران زۆر باسی دەکات و ناوی دێنێ، بەڵام نازانین و زۆر ڕوون نییە ئەم باس و پێداهەڵدانە هیی سەردەمی وهسودانە یا دواتر. لە هەندێک لە شیعرەکانی قەتراندا دەردەکەوێت کە مەمەلان دوژمنی هەبووە و لەگەڵیدا بەشەڕ هاتووە و بەسەرییشدا سەرکەوتووە، بەڵام دیار نییە کە ئەم دوژمنە کێیە و شەڕەکە کەی بووە، زەمانی وهسودانی بابی یا دواتر.
لە هەندێک شوێنی دیکەشدا باسی شەڕی مەمەلان و ئەرمەنی و ڕۆمییەکان دەکات، دیسان لێرەش هەر ڕوون نییە ئەم شەڕانە لە چ کاتێکدا بوون. هەرچەندە لە هەندێک شوێندا بە شاهەنشا ناوی دێنێ، بۆیە ڕەنگە زەمەنی دەسەڵاتی مەمەلان خۆی بووبێت. بەپێی بەیتێکی قەتران، پێ دەچێت مەمەلان هۆنەریش بووبێت.

قەتران دەڵێ:

ئەگەر بنووسیت دەڕژێن مرواریی درەخشان

لە واژە و وتە و نەزمی پڕ پەخشان

**ئەبولهیجا مەنووچەر**

کوڕی دووەمی وهسودانە و لە مێژوودا زۆر ناوی نییە. کەسێکی زۆر دیار و بەرجەستە دەرناکەوێت. قەتران لە هەندێک لە شیعرەکانی خۆیدا ناوی هانیوە. دەڵێ لە خۆراسان بووە و ویستی ئەمیربوونی بووە، بەڵام دیار نییە کە بە کوێ گەشتووە. پێ دەچێت ئەمە هەر ئەو کوڕەی وهسودان بێت کە وەک بارمتە سپاردوویەتە توغرولی سەلجووقی، بە تایبەتی کاتێ کە دەڵێت لە خۆراسان زۆر ژیاوە.

**ئەبوولقاسم عەبدوڵا**

کوڕی سێیەمی وهسودانە و لە مێژوودا ناوێکی وای نییە. قەتران لە چەند شیعری خۆیدا ناوی هێناوە و ئاماژەی بۆ کردووە.

## کورد و تورکانی سەلجووقی

هەر وەک دەزانین و وترا، خەزەکان بەکرێگیراو و هاوردەی غەزنەوییەکان بوون. ئەمانە تا سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی و کۆتایی سەدەکە، هەر لە خۆراسان بوون. دوای سەرکەوتنیان بەسەر مەسعوودی غەزنەویدا و هاتنیان بەرەو زاگرۆس و دونیای ئیسلامیی ئەو سەردەمە، کارەساتیان خولقاند، کارەساتێ کە تا هەنووکەش ئاسەوارەکانی هەر ماون. هێرشەکانیان بۆ سەر دەڤەر و زێدی کوردستان بە تایبەتی و بە گشتی بۆ ناوچەکە، بووە هۆی وێرانی و دواکەوتوویی و گۆڕان و ئاوەژووکردنەوەی مەزنی و واقعی سەردەم و کۆی ناوچەکە. دەستبەسەراگرتن و گەشتنی یەکجاریی ئەمانە بە دەڤەرەکە و کوردستان و ئازەربایجان و تێکڕای زاگرۆس، ماوەی بیست ساڵ درێژەی کێشاوە. لە ماوەی ئەم دوو دەیەیەدا توغرول و براکانی دەگەنە ئەم دەڤەرانە. بە هۆی هێرش و هاتنی ئەمانەوە، شارەکانی ئازەربایجان و دەڤەری چیا و کوردستان و ئەرمەنستان و جزیرە بە شێوەیەکی بەربڵاو تووشی کارەسات وێرانی و کاولکاری بوون، ئەم ناوچە و شارانە بوونە مەکۆی شەڕ و هەرا و چەتەیی و ڕێگری و تاڵان و بڕۆ و ڕۆژڕەشیی خەڵکانی ناوچەکە. هەر وەک باس کرا، کاتی هاتنی ئەم تورکانە ئازەربایجان یەکێ لە میرنشینە کوردییەکان بوو کە لە لایەن "میر محەمەد کوڕی حوسێنی ڕەوادییەوە" دامەزرێنرابوو و بە ڕێوە دەبرا، میر وهسودان یەکەم شەپۆلی ئەمانەی ڕاگرت و ژنی لێ خواستن و هەوڵی ڕاگرتن و لەگەڵ سازانی دان. بەم دۆخەشەوە ئەمانە لە چەتەیی و تاڵان نەکەوتن و بەردەوام و بێپسانەوە تاڵان و چەتەیی و کوشتن بووە پیشەیان، تا کارەساتی مەراغەیان خولقاند و کەوتنە بەر شاڵاوی کوردانی ڕەوادی و هەزبانی و بەرەو جزیرە و ئەرمەنستان و دەڤەرەکانی دیکە ڕاو نران.

بە گشتی، لە سەدەی دەیەمی زایینی و چوارەمی کۆچیدا بارودۆخی کوردستان و ناوچەکانی: دەڤەری چیا (جیبال)، دەڤەری جزیرە، دەڤەری ئازەربایجان، دەڤەری شارەزوور، دەڤەری لوڕستان، دەڤەری ئاران و ئەرمەنستان، هەروەها کۆی دەڤەری پاڵە و دەسەڵاتی بەرزەکانیان لەوپەڕی گەشە و ئاوەدانیی دەسەڵاتداریی خۆجێییەکاندا بوون. لەم سەردەمەدا کە سەردەمی لاوازیی دەسەڵاتی عەباسی و کشانەوەی هێژمۆنی دەسەڵاتداری

ناوەندخوازی عەرەبیی ئیسلامی بوو، خەلافەت لاواز و لە تەنگەژەوە ئالابوو. باری گوزەرانی ئابووری خراپ و ناسەقامگیر بوو. دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دابەزین و پاشەکشەیەکی بەرچاودا بوو. سنوورەکان کەوتبوونە بەر پەلاماری خەڵکان. هۆزە کۆچەرە لەوەڕگەویستەکانیش بەدوای زەمین و لەوەڕدا وڵاتیان دابووە بەر هێرش و تالانیی خۆیان.

سەرەڕای هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی خەلافەت، هەبوونی ئالی بۆیە (بوەیهییەکان) و پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵکردن و گونجان لەگەڵ هۆز و خەڵک و گەلانی دەڤەرەکە، دەرفەتێکی دیکەی لە بەردەم هۆز و میرنشینە خۆجێییەکانی کوردستاندا کردبووەوە کە هەرچی زۆرتر بتوانن پەرە بە دەسەڵات و جوگرافیای ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان بدەن. ڕاستە ئالی بۆیە سیاسەتێکی وایان ڕەچاو دەکرد و بەم شێوەیە هەم دەسەڵاتداریی بە ڕواڵەتی خۆیان و خەلافەتیان دەپاراست و دەسەپاند، هەم دەشیانتوانی باج و خەراج و داهاتێکی بەرچاو بۆ خۆیان و دەزگای خەلافەتی عەباسی کۆ بکەنەوە. لەو دۆخەی خەلافەت و لە بێهێزی و لاوازیی بۆییەکانیشدا، لەوە زیاتر هێزی داگیرکاری و پەرەدان بە دەسەڵاتی خۆیان نەبوو. خەلافەت لێک هەڵوەشابووەوە کە هەر ساتە و هۆزێک و خێڵێک دەهات و تەنگەژە و گرفتی گەورەی بۆ دروست دەکردن و ناوچەیەکی دەکرد بە مەکۆی دەسەڵات و بڕیارەکانی خۆی. کوردستان وەک ناوچەیەکی سروشتیی دژوار و شاخاوی و جەماوەرێکی جەنگاوەر و بەرگریکار، جوگرافیایەکی ئەستەم و دوورەدەست بوو بۆ هێرش و داگیرکردن، بۆیە دەسەڵاتی خەلافەت و نوێنەرە ئالی بۆییەکانیان نە دەیانتوانی و نە مەیلیشیان لە هەڵگیرسانی شەڕێکی بێ سەرکەوتن و پڕ خەرج و فرە کوژراو بوو لەگەڵ دەڤەرە کوردستانییەکان.

هەر لە ئالبانیای کۆن و پاشان ئاران و ئالانەوە تا شارەزوور و ناوچەی پاڵە و جزیرە و ئازەربایجان، میرنشینە کوردییەکان دەسەڵاتدار و لە گەشەدا بوون. ئەم میرنشینانە هەندێکیان هێندە گەشە و نەشەیان کردبوو، بە ئاشکرا بەرەو سەربەخۆیی خۆیان دەڕۆیشتن و سوپا و دامەزراوەی دەوڵەتێکی تەواوی سەردەمەکەیان هەبوو.

لەگەڵ ئەمەشدا، وەک هەمیشە و مێژوو، کێشمەکێشی ناوخۆیان و شەڕ و ململانێ و نەبوونی یەکێتی و هاوپەیمانی، خەسار و ئافەتی گەورە و مەزنی نێوایان بوو. وەک شەڕ و ملەبەملەی نێوان ڕەوادی و شەدادی و هەوڵی لاوازکردن و زاڵبوون بەسەر یەکدا کە

هەر بەم مەبەستە وهسودان تورکانی خەزی هێنایە ئازەربایجان و پاشان بوونە ئافەت و تاعوونی هەموو میرنشینەکانی سەردەمی خۆیان و لەناویان بردن. هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تۆکمە و دۆستانە لە نێوان ڕەوادی و سەدادی و بەرزەکانیدا نەبوو، کە دەشیا بەیەکەوە کۆی دەڤەری مادی بچووک و هەتا گەورەش لێک گرێ بدەن و دەسەڵاتێکی وا مەزن بخولقێنن کە ئاوا بە هاسان نەکەوێتە بەر پەلاماری تورکانی خەز و سەلجووقییەکان و بەو ئاسانییە بە مێژوو نەسپێررێن.

لەو سەردەمەدا، واتە لە ساڵی ٤٥٠ی کۆچیدا کە توغرول تۆماری میرنشینەکانی ڕەوادیی و شەدادیی هەڵدەپێچا و پاک دەکردەوە، تا ساڵانێک دواتر لە دەڤەرێکی دیکەی پاڵە، لە دینەوەر و هەمەدانەوە تا شارەزوور، شۆڕشێکی مەعریفی و سەربازی و سیاسی لە ڕۆژەڤدا بوو کە بنەمای ژیانەوە و ڕێنیسانسێکی کوردستانی دادەنا و بەدر و شاخۆشین وەک سەرکردە هەرە دیارەکانی ئەم بزاوتە توانیبوویان لە ڕووی هونەری و کولتووری و مەعریفییەوە ئافراندن و ئاوەدانییەکی یەکجار بەرچاوی بووژانەوەی شارستانییەتی مادی زاگرۆسی کوردی برەخسێنن. ئەم دابڕان و خۆخۆریی ناوخۆیی و ململانێ کوێرانانە وایان کرد دەسەڵاتێک کە هەر لە هەمەدان و لوڕستان و ئەردەڵان و کرماشان و ئیلام و خوزستانەوە تا شارەزوور و لە لایەکی تریشەوە لە ئازەربایجانەوە تا ئاران (ئاران یا ئالانی ئەلبانیای کۆن) کە کۆماری ئازەربایجانی ئێستایە، فەرمانڕەوایی دەکرد، بە سانایی و هەندێکیان بەبێ بچووکترین شەڕ بکەونە دەست سەلجووقییەکان و تورکانی خەز، کە ڕۆژگارێک مەحموودی خەزنەوی وەک سنوورپارێز و خزمەتکار هێنابوونی و بەکاری دەهێنان.

ئەو سەردەمە کۆمەڵێک میرنشینی گرنگ هەبوون، بۆ نموونە، دەتوانین باسی میرنشینەکانی ڕەوادی و شەدادی و دۆسکی و هەزبانی و عەنزابی بکەین. ئەم میرنشینانە و کۆیەکی دیکە لە دەسەڵاتە کوردییەکان، هەر لە ئازەربایجانەوە تا دەگاتە جزیرە و هەکاری و ئەردەڵان و هەمەدان، هەموو کەم کەم و بە نۆرە لەسەر دەستی تورکە سەلجووقییەکان لەناو بران.

## سەرچاوەکان


نظری به تاریخ اذربایجان و آثارباستانی و جمعیت‌شناسی آن، دکتر محمدجواد مشکور، تهران، بهمن ١٣٤٩.

شهریاران گمنام، آحمد کسروی. چاپ دوم، ١٣٨٨، آنتشارات نگاه، تهران.

آذری یا زبان باستانی آذربایجان، احمد کسروی، تهران، ١٣٠٤.

آذربایجان از کهن‌ترین ایام تا امروز، دکتر عنایت‌الله رضا.. چاپ دوم، خرداد ١٣٦٧.

تاریخ اتروپاتن، اقرار علی‌اوف، انتشارات ققنوس، تهران، ١٩٩١.

پادشاهی ماد، اقرار علی‌اوف، چاپ ققنوس، تهران، ١٣٩٨.

کورد و سەلجووقییەکان، نیشتمان بەشیر محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.

تاریخ ماد، دیاکنوف، ترجمه: کریم کشاورز، تهران، ١٣٤٥.

سفرنامه، آبن بطوطه، ترجمه: دکتر محمد علی موحد، جلد اول، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، ١٣٤٨.

ابن حقول. صورت الارض، ترجمه: دکتر جعفر شعار، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران ١٣٤٥.

حمدالله مستوفی، نزهة القلوب، به اهتمام دکتر محمد دبیر سیاقی، تهران، ١٣٣٦.